https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2252.20

e-ISSN (2617-0752)          p-ISSN (2617-0744)

# گەشەپێدانی میدیایی و ئاماژەکانی؛

## هەرێمی کوردستانی عێراق لە ماوەی نێوان١٩٩١-٢٠٢١ وەک نموونە

د. شوان ئادەم ئەیڤەس

کۆلێژی تەکنیکی – کارگێڕی، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی

shwan.adam@spu.edu.iq

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە بە ئامانجی تێگەیشتنی باشتر لە چەمکی "ئاماژەکانی گەشەپێدانی میدیایی" نووسراوە. لە ڕووی میتۆدییەوە؛ تێبینیکردن و گرووپەکانی فۆکەس وەک دوو ڕێکاری کۆکردنەوەی داتای توێژینەوەکە و شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بابەتە سەرەکییەکانی بەکارهێنراون. هاوکات پەیامەکانی میدیای چاپکراو، پەخشکراو و دیجیتاڵی لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٩١-٢٠٢١ وەک کۆمەڵ و نموونەی توێژینەوەکە وەرگیراون. گرنگیی ئەم توێژینەوەیەش لە ناونیشانەکەیەوە بەدەردەکەوێت کە بە دەگمەن نەبێت، پێشتر توێژینەوەی زانستیی لەسەر نەکراوە. ئەم توێژینەوەیە لە کۆتاییدا بەو دەرئەنجامە گەیشتووە کە چەمکی گەشەپێدانی میدیایی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا؛ کەمتر قسەوباسی لەسەر کراوە و هێشتا نەبووە بە مایەی پرسیار و پرسێکی جێبایەخی زۆرینەی بەرهەمهێنەران و بەکارهێنەرانی میدیای کوردی. ئەو دۆخەیش وایکردووە؛ میدیا و میدیاکار لە قۆناغی بەرگریکردن لە ناسنامەی نەتەوەییەوە بۆ قۆناغی پارتیزانیی نێو تۆڕەکانی ئینتەرنێت و ونکردنی ناسنامەی پیشەیی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بگوێزرێتەوە و ببێت بە هۆکارێکی دیاری پاشاگەردانیی میدیایی. هەربۆیە ئاماژەکانی گەشەپێدانی میدیایی لە ماوەی نێوان هەر سێ قۆناغی ساڵانی ١٩٩١-٢٠٢١دا بە شێوەیەکی زانستیی ڕێکخراو و هاوشێوەی پێنج ئاماژە ناسراوەکەی ساڵی ٢٠٠٨ی ڕێکخراوی یونسکۆ شرۆڤە و پۆلێنەکراون. بەرتوێژانی ئەم توێژینەوەیەش؛ هێندەی ئاماژەی نەرێنیی بۆ گەشەپێدانی میدیایی دەبینن و مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە، نیوهێندە ئاماژەی ئەرێنیی بەدیناکەن و ناشیشارنەوە کە هێشتا "بەعسیزمی میدیایی" شوێنەواری لە گوتار و پەیام و بەرهەم و بەڕێوەبردنی میدیاییدا ماوە و بە تەواوی کاڵنەبووەتەوە. تەنانەت بە هێندەی دەرفەتەکان؛ ئاستەنگی: سیاسی،

ئابووری، کلتووری، یاسایی، پیشەیی هەبووە و هەیە. واتە ئازادییەکانی دەربڕین و ڕۆژنامەگەری و مافی زانین، ژینگەی پیشەیی و یاسایی میدیاکار و میدیای کوردی چوونیەک گەشەیاننەکردووە. بەپێی ئەنجامە بەدەستهاتووەکانی ئەم توێژینەوەیەش؛ ئەو هەڵکشان و داکشانە بەردەوامەی ئاماژە ئەرێنیی و نەرێنییەکانی گەشەپێدانی میدیایی بۆ ئاست و ئاڕاستەی تێگەیشتنی حزبەکان لە پێویستیی میدیا وەک پایەیەکی سیستەمی دیموکراسی و قۆناغی ڕاگوزەریی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا دەگەڕێتەوە کە لە هەندێک قۆناغدا پێیەکی لەناو دیموکراسیدا و لەهەندێک قۆناغیشدا پێیەکی لەناو دیکتاتۆریدا گیرکردووە و هەندێجاریش تێکەڵەیەک بووە لە هەردووکیان.

وشە سەرەکییەکان: گەشەپێدانی میدیایی، فرەیی میدیایی، شەفافیەتی میدیایی، پیشەگەرێتیی میدیایی، میدیای کوردی

**گەشەپێدانی میدیایی و ئاماژەکانی؛**

**هەرێمی کوردستانی عێراق لە ماوەی نێوان ١٩٩١-٢٠٢١ وەک نموونە**

**پێشەکی**

دوای تێپەڕبوونی سەدەیەک و زیاتر لە دوو دەیە لە مێژووی چاپکردنی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان لە پارێزگەی قاهیرە-ی پایتەختی کۆماری عەرەبیی میسر؛ ئێستا ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەریی کوردي لە پارێزگەکانی هەرێمی کوردستانی عێراقدا بە دۆخی پاشاگەردانی و ناپیشەییبووندا تێدەپەڕێن و چیدیکە "پیشەی گەڕان بە دوای سەرئێشەدا" نییە. ئەوەیش لەلایەک بەهۆی ناجێگیریی ڕەوشی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی و لەلایەکی دیکەشەوە هۆکارە ناوخۆیی و خودییەکانی ڕۆژنامەوان و نێوەندەکانیان؛ پاڵنەری سەرەکیی ئەو دۆخە ڕاگوزەرەن. هەربۆیە کنە و پشکنین و توێژینەوەی زانستی لە بارەی دەرفەت و ئاستەنگی جیاوازی ئاماژەکانی گەشەپێدانی میدیایی ( Media development indicators) لە هەرێمێکی پاش-ململانێ و ڕاگوزەری دیموکراسیی وەک کوردستاندا؛ گرنگی و کاریگەریی گەورەی دەبێت ئەم توێژینەوەیە؛ جگە لە پێشەکی و لیستی سەرچاوە بەکارهاتووەکان لە چوار بەشی سەرەکی پێکهاتووە. لە بەشی یەکەمدا و لە ڕووی میتۆدییەوە؛ سوود و بایەخی توێژینەوەکە و ئامانج و پرسیار و ڕێباز و ڕێوشوێنەکانی ئەنجامدانی توێژینەوەکە دەخرێنەڕوو. لە دووەم بەشدا؛ چەمکە بەکارهاتووەکانی توێژینەوەکە و ئەوەی پەیوەندی بە چوارچێوەی تیۆرییەوە هەیە شیکراونەتەوە. لە بەشی سێیەمدا؛ لە ڕێی جۆر و چیەتیی ڕێبازە بەکارهێنراوەکانی توێژینەوەکەوە کۆی داتا بەدەستهاتووەکان خراونەتەڕوو. لە چوارەم بەش و کۆتاییشدا؛ ئەنجامەکانی توێژینەوەکە

لەژێر ڕۆشنایی ئامانج و پرسیارە سەرەکییەکاندا هەڵسەنگێنراون و ڕاسپاردەی گونجاویان لەبارەوە پێشکەشکراون.

## ١. بەشی یەکەم: چوارچێوەی میتۆدیی توێژینەوە

لەم بەشەدا و وەک دەستپێکێک بۆ چوونە نێو وردەکارییەکانی توێژینەوەکە و ئاسانکاری و بەرچاوڕوونیی زیاتر لەسەر ناوەڕۆک و سنوور و کۆمەڵ و نموونەی وەرگیراو؛ لە ڕووی میتۆدییەوە ناونیشان و گرنگی و ئامانج و پرسیار و ڕێباز و ڕێکارەکانی کۆکردنەوە و شیکردنەوەی داتای توێژینەوەکە ڕووندەکرێنەوە.

### ١.١: ناونیشانی توێژینەوە

"گەشەپێدانی میدیایی و ئاماژەکانی؛ هەرێمی کوردستانی عێراق لە ماوەی نێوان١٩٩١-٢٠٢١ وەک نموونە"، ناونیشانی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیەیە کە هۆکارەکانی هەڵبژاردنی دەگەڕێتەوە بۆ: نەبوون یاخود دەگمەنیی سەرچاوەی زانستی لەبارەی چەمکی گەشەپێدانی میدیایی و ناساندنی ئاماژەکانی و قۆناغە جیاوازەکانی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا. هۆکارێکی دیکەی یارمەتیدەر لەوەی ئەم ناونیشانەی سەرەوە بکرێتە بنەما و تەوەرەی سەرەکیی توێژینەوەکە؛ بۆ باشتر تێگەیشتن لە چەمکی ئاماژەکانی گەشەپێدانی میدیایی لەنێو کلتوورێکی خۆرهەڵاتیی وڵاتێکی پاش-ململانێی قۆناغی ڕاگوزەریی دیکتاتۆری بۆ دیموکراسی دەگەڕێتەوە. بە تایبەت لەو ماوەیەی کە بە ئەزموونی سێ دەیەی یەکەمی فەرمانڕەوایی خۆبەخۆی کورد لە کۆماری عێراقدا دەناسرێتەوە.

**۲.۱: گرنگیی توێژینەوە**

سوود و بایەخی ئەم توێژینەوەیە؛ زۆرتر لەوەدا چڕدەبێتەوە کە دەکرێت ببێت بە یەکەم توێژینەوەی کوردی لەسەر ناساندن و شیکردنەوەی دیارترین ئاماژەکانی چەمکی گەشەپێدانی میدیایی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا. لە ڕووی زانستیشەوە؛ دەبێت بە بەردی بناغە و هۆی هاندانی توێژەرانی پسپۆڕییە جیاوازەکان بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوەی دیکە لەم بوارەدا. بەدەر لەوەش، ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بۆ هەریەک لە بەکارهێنەر و بەرهەمهێنەرانی پەیامی میدیایی و خاوەنی میدیاکان و بڕیارسازان گرنگ و بایەخدارە.

**۳.۱: ئامانجی توێژینەوە**

لەپێناو دۆزینەوە و گەیشتن بە چەند ئەنجامێکی نوێدا؛ ئەم توێژینەوەیە گرنگترین ئامانجەکانی خۆی لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا چڕدەکاتەوە:

۱. بۆ ناساندنی چەمکی گەشەپێدانی میدیایی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا.

۲. بۆ شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ئاماژەکانی گەشەپێدانی میدیایی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا.

۳. بۆ تێگەیشتن لە جیاوازی و لێکچوونی دەرفەت و ئاستەنگی ئاماژەکانی گەشەپێدانی میدیایی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا.

### ٤.١: کێشەی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە هەوڵی شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی کێشەی بنەڕەتیی توێژینەوەکە دەدات، لەڕێی ئەم چەند پرسیارە سەرەکییەی خوارەوە:

١. ئایا چەمکی گەشەپێدانی میدیایی لە هەرێمی کوردستاندا چۆن و بە چ شێوەیەک ناسێنراوە؟
٢. ئایا دیارترین ئاماژەکانی گەشەپێدانی میدیایی لە هەرێمی کوردستاندا چۆن و بە چ شێوەیەک شرۆڤەکراون؟
٣. ئایا ئاماژەکانی گەشەپێدانی میدیایی لە هەرێمی کوردستان لە نێوان ساڵانی١٩٩١-٢٠٠١دا؛ دەرفەت یان ئاستەنگی زۆرتربووە؟

### ٥.١: ڕێباز و ڕێکاری توێژینەوە

لەم توێژینەوەیەدا جگەلە تێبینیکردن (observasion)ی دەرفەت و ئاستەنگەکانی میدیا لە هەرێمی کوردستانی عێراق لە ماوەی نێوان ساڵانی١٩٩١-٢٠٠١؛ لە ڕووی میتۆدییشەوە گرووپی فۆکەس ( focuse group) بۆ دارشتنی پرسیارە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە و کۆکردنەوەی وەڵامی بەرتوێژان بەکارهاتووە. بۆ ئەو مەبەستەش؛ حەوت گرووپی فۆکەس-ی هەفتانە ڕێکخران کە لە ڕۆژی سێشەممە (٢٤ی ئەیلولی ٢٠١٩) دەستپێکرد و ڕۆژی چوارشەممە (١٣ی تشرینی دووەمی ٢٠١٩) کۆتاییهات. ئامانج لێی؛ دۆزینەوە و دیاریکردنی ئاماژەکانی گەشەپێدانی میدیایی بوو لە ماوەی ٣٠ ساڵی ئەزموونی فەرمانڕەوایی کورد لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا. ئەویش لە ڕێی تاووتوێکردنی هەریەک لە تەوەرەکانی: پێویستیی پێداچوونەوەی کاری کلتووری و ڕاگەیاندن و پەیوەندیکردن لە هەرێمی کوردستاندا؛ دەرفەت و ئاستەنگەکانی بەردەم

ڕێکخستنی یاسایی و پیشەیی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا؛ ژینگەی کارکردن و ئازادیی پیشەیی ڕۆژنامەوانانی هەرێمی کوردستان؛ گرفت و گەشەی خوێندنی ڕاگەیاندن، پەیوەندییە گشتییەکان و بازارگەری لە نێوەندە ئەکادیمییەکانی هەرێمی کوردستاندا؛ مافی تایبەتمەندێتی و دەستوەردانە نێو ژیانی تایبەتیی کەسەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا؛ خاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و پێویستیی هەموارکردنەوەی یاسای حزبەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق؛ بەنیشتمانیکردن پیشەی ڕۆژنامەگەری و پێویستیی دامەزراندنی ئەنجوومەنی باڵای ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا. پاش تۆمارکردنی دەنگی بەشداران و سەرلەنوێ داڕشتنەوەی ناوەڕۆکی گرووپەکان، تێبینی ئەوەکرا کە وتە و دەربڕینی هەندێ لە بەشداران لە ڕووی یاساییەوە کێشەی تێدایە. هەربۆیە وتەکانی بەشێکیان لە ڕێی بەجێهێشتنی بۆشایی خاڵدار "..........." چارەسەرکران، تاوەکو ناوەڕۆکەکەی بمێنێتەوە و تەواوی مەبەستەکە بە خوێنەران بگات. بەشێکی دیکەیان، جگەلە سڕینەوە و لابردنیان هیچ چارەسەرێکی دیکەی بۆ نەدەکرا. هاوکات سنووری جوگرافیی توێژینەوەکە لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا هەریەک لە پارێزگەکانی دهۆک، هەولێر، سلێمانی، هەڵەبجە و ئیدارە سەربەخۆکانی ڕاپەڕین و گەرمیان پێکدێت، بەڵام جوگرافیای سەرەکی شوێنی تێبینیکردن و ئەنجامدانی گرووپەکانی فۆکەس؛ سلێمانی-یە. لە ڕووی کاتەوە؛ سنووری توێژینەوەکە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٩١-٢٠٢١ی وەرگرتووە کە بە "ماوەی زێڕین"ی ئەزموونی فەرمانڕەوایی کورد لە عێراقدا ناوزەد دەکرێت، کە پەرلەمان و حکومەت و دادگە و میدیا بە کوردی بەرهەمهێنراون و بە کوردیش بەکارهێنراون، بەڵام ماوەی ئەنجامدانی گرووپەکانی فۆکەس بۆ ماوەی نێوان (٢٤ی ئەیلول تا ١٣ی تشرینی دووەمی ٢٠١٩) دەگەڕێتەوە. لە ڕووی مرۆییەوە؛ سەرجەم بەرتوێژانی گرووپەکانی فۆکەس لە ناوەندی شاری سلێمانی بوون، ئەویش بەهۆی نزیکیی شوێنی نیشتەجێبوونی توێژەر لە

بەرتوێژان و ئاسانیی گەیشتن پێیان و زووتر کۆکردنەوەیان. لە ڕووی بابەتیشەوە؛ ئاماژەکانی گەشەپێدانی میدیایی لە سنووری هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە. ئەگەرچی گرووپەکانی فۆکەس لە ساڵی ٢٠١٩دا ئەنجامدراون، بەڵام بە شێوەیەکی بەردەوام تێبینی و چاودێریی ئەو ماوەیەش کراوە کە ئەم توێژینەوەیە دەستنیشانیکردووە.

**٦.١: کۆمەڵ و نموونەی توێژینەوە**

لەم توێژینەوەیەدا؛ کەسانی ئەکادیمی لە کەرت و کایەی میدیایی و یاسایی، ڕۆژنامەوانانی گەنج و ئەزمووندار، بڕیاربەدەست و بڕیاردروستکەر و بەرپرسی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، سەرۆکی ڕێکخراو و چالاکوانی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە مەدەنییەکان بە کۆمەڵی توێژینەوەکە (research population) وەرگیراون. ئەویش بەجەختکردنەوە لەسەر جیاوازیی تەمەن، ڕەگەز، شوێنی نیشتەجێبوون، شوێنی کارکردنی پیشەیی، ئەزموونی ڕۆژنامەوانی و ئاستی زانستییان. هەروەها نموونە یان مشتە (sample)ی گرووپی فۆکەس-ی ئەم توێژینەوەیە، لە جۆری مشتەی هەڕەمەکیی مەبەستدار ( Intentional random sample)ەو بە شێوەیەکی گشتی ٤٥ کەسایەتی تەمەن جیاواز بە پاشخانی جیاوازی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی بەشدارییانکرد. هەڵبەت هۆکاری سەرەکی لەپشت هەڵبژاردنی ئەم کەسایەتییانەش دەگەڕێتەوە بۆ ئاسانیی دەستگەیشتن پێیان و زوو وەڵامدانەوەیان لەماوەی دیاریکراوی توێژینەوەکەدا. هاوکات هەریەکەیان نوێنەرایەتیی ئاڕاستە و هێڵێکی جیاوازی کارکردنی دەکرد و جۆرێک لە داتای هەمەڕەنگی پاشخان جیاوازیان بە ناوەڕۆکی توێژینەوەکە بەخشی. ئەگەرچی ئاماژەکانی گەشەپێدانی میدیایی لە ماوەی سێ دەیەی ئەزموونی فەرمانڕەوایی کورد لە سەرانسەری هەرێمی کوردستانی عێراقدا لەلایەن توێژەرەوە تێبینیکراوە و بەشداریی ڕاستەوخۆی لە

پرۆسەی بەرهەمهێنانی پەیامی میدیایی بەشێک لەو ئەزموونەیشی کردووە، بەڵام بەهۆی بەدەنگەوەنەهاتنی بەرتوێژان و سنووردارییی ئەمجۆرە توێژینەوانەوە، نەتوانرا قەبارەی ئەم توێژینەوەیە لەوەی ئێستا گەورەتر و وردتر بکرێتەوە و هەوڵی وەرگرتنی نموونەی فراوانتری گرووپی فۆکەس لە پارێزگەکانی دیکە وەربگیرێت. بە تایبەت کە لە ڕووی ناونیشان و ناوەڕۆکەوە؛ توێژینەوەکانی پێشوو کەم و دەگمەنن. بۆیە ئەم توێژینەوەیەی بەردەست دەبێتە سەرچاوەیەکی سەرەکی و بۆ ئەو مەبەستەش پشت بە ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی یونسکۆ بەستراوە؛ بە ناونیشانی: "ئاماژەکانی گەشەپێدانی میدیایی: چوارچێوەیەک بۆ هەڵسەنگاندنی گەشەپێدانی میدیایی" کە لە ساڵی ٢٠٠٨دا بە چەند زمانێکی زیندووی جیهان بڵاوکراوەتەوە. بۆ زانینی ئاستی گەشەپێدانی میدیایی لە هەرێمی کوردستاندا لە ماوەی نێوان ١٩٩١-٢٠٠١؛ ئەم توێژینەوەیە سوودی لە ئاماژەکانی ئەو ڕاپۆرتەی یونسکۆ وەرگرتووە و کردوویەتی بە بنەمای سەرەکیی کارکردنی خۆی.

### ٧.١: چەمکە بەکارهاتووەکانی توێژینەوە

لەم توێژینەوەیەدا و بە ئامانجی باشتر ڕوونکردنەوەی کێشەی سەرەکیی توێژینەوەکە و ئامانجە دیاریکراوەکانی؛ زیاتر ئەو چەمکانە دەخرێنەڕوو کە لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتوون، لەوانە:

**١.٧.١: ڕۆژنامەوانی پاسەوان؛** ئەو ڕۆژنامەوانانەیە کە لە میدیای کوردییدا وەک پاسەوانی بەرژەوەندییەکانی خاوەنی میدیاکەیان کاردەکەن و ناتوانن بە وردیی پێڕەوی پێوەرەکانی ڕێسا پیشەییەکان بکەن و وەک ڕۆژنامەونێکی پیشەوەر ئەدائی پیشەکەیان بکەن.

٢.٧.١: **ڕۆژنامەوانی پارتیزان؛** ئەو ڕۆژنامەوانانەیە کە هاوشێوەی شۆڕشگێڕەکانی قۆناغی نهێنی لەژێر ناو و ڕووپۆشی جیاجیادا بەرهەمی

میدیایی خۆیان لەنێو میدیای کۆن و نوێی کوردیدا چاپ و پەخش و بڵاودەکەنەوە و زۆرجاریش ناسینەوەیان ئاسان نییە.

**٣.٧.١: ئاماژەکانی گەشەپێدانی میدیایی؛** ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە ماوەی ئەزموونی فەرمانڕەوایی کورد لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا؛ لە نێوان ساڵانی١٩٩١-٢٠٠١ بەسەر ئاماژەکانی بەرهەمهێنانی پەیامی میدیایی میدیاکار و میدیای کوردیدا هاتوون و تەواوی ئەزموونەکەی پێناسراوەتەوە.

**٤.٧.١: فرەیی میدیایی؛** فرەلایەنی ژینگەی کارکردنی میدیاکار و میدیای کوردییە کە بەسەر حزب و حکومەت و کۆمپانیا و کەسایەتییەکاندا دابەشبووە و هەریەکە و بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەکەن.

**٥.٧.١: شەفافیەتی میدیایی؛** سەرچاوەی داهات و دارایی میدیاکار و میدیای کوردییە کە کەمترین ئاستی شەفافیەتی تیایە و بووە بە ئاماژەیەکی مەترسیدار لەبەردەم گەشەپێدانی میدیایی و نایەکسانیی کێبڕکێی پیشەییدا.

**٦.٧.١: پیشەگەرێتیی میدیایی؛** ئاستی پیشەوەرێتیی میدیاکار و میدیای کوردییە لە ڕووی پیشەیی، یاسایی و زانستییەوە.

**٧.٧.١: میدیای کوردی؛** ئەو میدیاکار و میدیایانە دەگرێتەوە کە بەرهەمی میدیایی خۆیان زیاتر بە زمانی کوردیی چاپ و پەخش و بڵاودەکەنەوە و ژینگەی سەرەکیی کارکردنیشیان دەکەوێتە سنووری جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراقەوە.

## ٢. بەشی دووەم: چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوە

لە ڕووی تیۆرییەوە؛ لەم بەشەدا سەرجەمی ئەو بابەتە پەیوەندیدارانەی بۆ لایەنی کردەیی توێژینەوەکە پێویستن لە ڕێی پشتبەستن بە سەرچاوەی زانستیی نوێ دەناسرێن و ڕووندەکرێنەوە. بە تایبەت هەریەک لە گەشەپێدانی میدیایی و چەمکەکەی، گەشەپێدانی میدیایی و ئاماژەکانی، گەشەپێدانی میدیایی و پێوەرەکانی لە میدیای کوردیدا، گەشەپێدانی میدیایی و قۆناغەکانی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا.

### ١.٢: گەشەپێدانی میدیایی و چەمکەکەی

میدیا لە بنەڕەتدا واناسێنراوە کە وەک ئامرازێکی پەیوەندیی جەماوەری و دامەزراوەیەکی ڕەخنەیی کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان ڕۆڵدەبینێت، هەربۆیە گەشەپێدانی میدیایی (media development)ش؛ مەبەست لێی هەموو فۆڕمەکانی میدیایە بە مۆبایل و ئینتەرنێت و تەلەڤزیۆن و ڕادیۆ و چاپ-ەوە کە ڕۆڵێکی سەرەکی لە ئاگادارکردنەوەی دانیشتووان و کەمکردنەوەی ناهاوسەنگیی زانیاریدا دەگێڕن. لێرەوە دەکرێت بوترێت کە کەرتی میدیا هەر بە تەنیا لەبەر کاریگەریی ئەو کارلێکە بەرچاوەی لەسەر دامەزراوە ئابووری و سیاسییەکانی دیکەی وڵاتێک هەیەتی؛ گرنگ نییە، بەڵکو لەبەر خێرایی ئەو کاریگەرییە مەزنەی هەموو دامەزراوەکان گرنگە کە بە گشتی لەسەر دانیشتووان بەجێیدەهێڵێت (Bali, and Zarea, 2018). لە ڕووی تیۆرییەوە؛ پێویستیی میدیا لە گەشەپێدانی کۆمەڵگەدا زیاتر بۆ تواناکانی دەگەڕێتەوە، لانیکەم لە بڵاوکردنەوەی زانیارییە گرنگەکاندا بۆ خەڵک لە هەموو گۆشەکانی کۆمەڵگەدا کە لەتوانایدایە دەستەبەری لێپرسینەوە لە یاریزانانی دەستەڵات لە حکومڕانان و بازرگانەکان بکات. هەڵبەت "دامەزراوەکان ئەو

سنووrداری و لەمپەرانەن کە بە شێوەیەکی مرۆیی داڕێژراون و لە نێوان مرۆڤەکاندا کارلێکدەکەن. ئەوان لە سنووردارکردنی فەرمی (ڕێساکان، یاساکان، دەستوورەکان)، سنووردارکردنی نافەرمی (نۆڕمەکانی ڕەفتار، ڕێککەوتننامە و کۆدی ڕەفتاری خۆسەپێنراو)و تایبەتمەندییەکانی جێبەجێکردنیان پێکدێن. پێکەوە پێکهاتەی هاندانی کۆمەڵگەکان و بە تایبەتی ئابوورییەکان پێناسەدەکەن. دامەزراوەکان و ئەو تەکنۆلۆژیایەی کە بەکاردەهێنرێن؛ تێچووی مامەڵەکردن و گۆڕانکارییەکان دیاریدەکەن کە تێچووی بەرهەمهێنان زیاددەکەن." (Roy, 2011: 3).

بەپێی ڕاپۆرتی نێوەندی هاریکاریی میدیای نێودەوڵەتی (CIMA)؛ چەمکی گەشەپێدانی میدیایی بۆ هەڵسەنگاندن و گۆڕانکاری لە بوارەکانی گەیاندن و ڕاگەیاندنی هەواڵیدا دەگەڕێتەوە. ئەو گۆڕانکارییانەش؛ پەیوەندیی بە کۆمەڵێک لە دامەزراوەکان، ممارەسات و ڕەفتارەکانەوە هەیە؛ لەوانە: سەروەریی یاسا، ئازادیی ڕادەربڕین و ڕۆژنامەگەری، سیستەمەکانی پەروەردەکردنی ڕۆژنامەوانان، ژینگەی کارکردن و توانستەکانی ڕۆژنامەوانان و بەڕێوەبەران؛ هاوشان لەگەڵ پشتگیریکردنی کۆمەڵە بۆچوونێکی هەمەجۆر لەنێو کۆمەڵگەدا. ئەو هەڵسەنگاندن و گۆڕانکارییانەش؛ دەشێت لە ڕێی پشتگیریی بەخشەرەکان ( donor support)، وەبەرهێنانی تایبەت یاخود پرۆسێسەکانی گۆڕانکاریی ناوچەیی لەلایەن خاوەنەکانی میدیا، بەڕێوەبەرەکان، ڕۆژنامەوانان، کۆمەڵەکانی پیشەسازیی میدیا و هەوڵە هاوبەشەکانی دیکەوە کارابکرێت و پەرەی پێبدرێت. واتە ئامانجی سەرەکیی ئەم چەمکە؛ بنیاتنانی توانستەکانی دامەزراوەکان و تاکەکانە لە پەیوەندییاندا لەگەڵ ئازادیی ڕادەربڕین و فرەیی و هەمەڕەنگیی میدیا لەگەڵ شەفافیەتی ئەوانەی خاوەندارێتیی میدیاکان دەکەن. هاوکات لە ڕێی پشتگیرییکردنی میدیای ئازاد و سەربەخۆوە گەشەپێدانی میدیایی؛ ڕۆڵی لە دیموکراسییەت و

گوتاری دیموکراسیی کارادا هەیە. بەخشەرە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوەکانی دیکەش وەک بەشێک لە پشتگیرییەکی بەرفراوانتری گەشەپێدانی نێودەوڵەتیی ئابووری و دیموکراسی؛ بە زۆری پشتگیری گەشەپێدانی میدیایی دەکەن. هەوڵە نموونەییەکانیشان بۆ گەشەپێدانی میدیاي سەربەخۆیە؛ لەڕێی ڕاهێنانی ڕۆژنامەوانان و پەروەردەکردنیان، پشتگیرییکردن و ڕاوێژکردن لەبارەی باشکردنی ژینگەی یاسایی و بازرگانیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، هەوڵدان بۆ باشترکردنی سەقامگیری و بەردەوامیی میدیا بەرکارەکان، ڕاهێنان لەسەر خوێندەواریی میدیایی و مەشقکردن و ئاوێزانکردنی میدیای دیجیتاڵی؛ گەشەپێدانی ژێرخان و هەوڵدانی چاودێری و هەڵسەنگاندن (Peña-López, 2008). لەو ڕووەوە و لە چەند ساڵی ڕابردوودا، هەریەک لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی ئەوروپا و خۆرئاوا لە نموونەی ڕێکخراوی ڕۆژنامەوانیی جەنگ و ئاشتی (IWPR) و سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) و ئینتەرنیوز (Internews) و چەندینی دیکە؛ ڕۆڵی بەرچاویان لە گەشەپێدانی میدیای کوردیدا هەبووە (Aivas, 2017). بۆ نموونە ئاژانسی نێودەوڵەتیی گەشەپێدانی ئەمەریکا (USAID) کە زۆرترین پشتگیریی دارایی میدیای سەربەخۆ دەکات؛ بەتەنیا لە ساڵی ٢٠٠٦دا ٥٢.٧ ملیۆن دۆلاری لە گەشەپێدانی کەرتی میدیای نێودەوڵەتیدا خەرجکردووە (CIMA, 2020).

### ٢.٢: گەشەپێدانی میدیایی و ئاماژەکانی لە میدیای کوردیدا

لە ساڵی ٢٠٠٨دا؛ ڕێکخراوی کلتوور، زانست و پەروەردەی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNESCO) پەرەی بە ئاماژەکانی گەشەپێدانی میدیایی دا، وەک چوارچێوەیەک بۆ گەشەپێدانی میدیای نێودەوڵەتی کە دیارترینیان لەم پێنج پۆلێنبەندییەی خوارەوەدا چڕکرانەوە: (Peña-López, 2008)

١. هەبوونی سیستەمێکی ڕێکخستن کە بۆ ئازادیی ڕادەربڕین و فرەیی و فرەچەشنی میدیا لەباربێت.
٢. فرەیی و هەمەجۆریی میدیا، گۆڕەپانێکی ئابووریی یەکسان و شەفافیەتی خاوەندارێتی.
٣. هەبوونی میدیا وەک سەکۆیەک بۆ گوتاری دیموکراسی.
٤. بنیادنانی توانای پیشەیی و پشتگیرییکردنی ئەو دامەزراوانەی کە بنەمای ئازادیی ڕادەربڕین و فرەیی و هەمەجۆرییە.
٥. توانای ژێرخان بۆ پشتگیریکردنی میدیای سەربەخۆ و فرەیی بەسە.

ئەو پێنج ئاماژەیەی گەشەپێدانی میدیایی لە ساڵی ٢٠١١دا و لە چوارچێوەی ڕاپرسییەکی نێودەوڵەتیی ئەزموونییدا بەکارهێنران کە ٢٨ دەوڵەت بەشدارییان تیاکرد و جەختیان لەسەر ڕێکخستن و بەردەوامی کردەوە. هاوکات پێڕستی بەردەوامیی میدیا ( Media Sustainability Index-MSI)ی سەر بە ئەنجوومەنی ئاڵوگۆڕ و توێژینەوەی نێودەوڵەتی (IREX)؛ ئامرازێکی دیکەی بەرفراوانی بۆ هەڵسەنگاندنی گەشەپێدانی جیهانی میدیای سەربەخۆ بەکارهێنا کە یەکێکە لە ئاماژە زۆر گرنگەکان بۆ هەڵسەنگاندنی ئەوەی چۆن سیستمەکانی میدیا بەپێی کات و بە درێژایی سنوورەکان دەگۆڕێن. هەربۆیە پێنج ئامانجی سەرەکیی بەکارهێنران بۆ هەڵسەنگاندنی ئەوەی کە تا چ ئاستێک سیستمی میدیا؛ سەربەخۆ و بەردەوام و سەرکەوتووە. ئەو پێنج ئامانجەش بریتیبوون لە: (UNESCO: 2013)

١. نۆرمە یاسایی و کۆمەڵایەتییەکان؛ ئازادیی قسەکردن و دەستڕاگەیشتن بە زانیاریی گشتی دەپارێزن و بەرەوپێش دەبەن.

٢. ڕۆژنامەگەری؛ لەگەڵ ستانداردە پیشەییەکانی چۆنایەتیدا دەگونجێت.
٣. سەرچاوە هەمەچەشنەکانی هەواڵ؛ هەواڵی جێمتمانە و بابەتی بە هاووڵاتیان دەدەن.
٤. باش بەڕێوەبردنی میدیاکان؛ ڕێگە لەبەردەم سەربەخۆیی نووسیندا خۆشدەکات.
٥. دامەزراوەکانی پشتگیری؛ لە بەرژەوەندیی پیشەی میدیای سەربەخۆدا کاردەکەن.

لەلایەکی دیکەوە بەپێی بوارە پەسەندکراوەکانی پڕۆگرامی نێودەوڵەتی بۆ گەشەپێدانی گەیاندن ( International Programme for the Development of Communication-IPDC)؛ ئاماژەکانی گەشەپێدانی میدیایی دەگەڕێتەوە بۆ هەریەک لەمانەی خوارەوە: (Puddephatt, 2007)

١. پتەوکردنی ئازادیی دەربڕین و فرەیی میدیایی.
٢. گەشەپێدانی میدیای کۆمەڵگەیی.
٣. گەشەپێدانی سەرچاوە مرۆییەکان.
٤. شەفافیەتی خاوەندارێتی.

ئەگەرچی ئاماژەکانی گەشەپێدانی میدیای کورد زۆر و هەمەجۆرن، بەڵام کەمتر و سنووردارتر سوودیان لێوەرگیراوە و بە شێوەیەکی چڕوپڕ و بە بەرنامەش پەراوێزخراون. بەسەرنجدان لەو ئاماژە و ئامانجانەی پێشتر خرانەڕوو؛ پاشەکشێی ناوەڕۆکی پەیامی میدیایی؛ قۆناغێکە تەریب بە پێشڕەویی چەندێتیی نێوەندە ئەکادیمییەکانی میدیا لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا دەڕوات. بە جۆرێک لەگەڵ هەڵکشانی

ژمارەی خاوەن بڕوانامە زانستییەکانی دبلۆم، بەکالۆرۆیۆس، ماستەر و دکتۆرا لە میدیادا؛ ڕۆژبەرۆژ میدیای ئاستنزم و میدیاکاری ناپیشەیی بێئامانج دەکرێنە "ئەستێرە" و "مارکە"ی بازاڕی شێواوی ئازادییەکانی دەربڕین و ڕۆژنامەگەریی کوردی. هەڵبەتە پەیوەندیی پێچەوانەی نێوەندە ئەکادیمییەکان لەگەڵ نێوەندە پیشەییەکانی میدیادا؛ وردبوونەوە و هەڵوێستەکردنی بە بەرنامەی دەوێت. هەڵوێستەکردنێک کە لە دەستپێکدا وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی هەرێمی کوردستان گوڕ بداتەوە خۆی و هەڵمەتێکی چاکسازیی لە زۆری و بۆریی ژمارەی زانکۆ و پەیمانگە و کۆلیژ و بەشەکانیدا بکات؛ هەم کەمیان بکاتەوە و هەم ڕێکیان بخاتەوە و چۆنایەتی لەبری چەندایەتی بکاتە ئامانجی سەرەکیی ئەم قۆناغەی. بە تایبەت کە ئێستا هەم لێکەوتەکانی پەتای کۆڤید_١٩، هەم دۆخی قەیراناویی ناوچەکە، قەرزاریی و مایەپوچیی دارایی حکومەت بۆ گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لەو جۆرە؛ لەبارترە. هیچ لۆژیکێک هەزمی ئەوە ناکات؛ بۆ پێنج تا شەش ملیۆن دانیشتووی چوار پارێزگەی هەولێر و هەڵەبجە و دهۆک و سلێمانی نزیک بە ٣٠-٤٠ زانکۆی حکومی و ناحکومی هەبن. ئەوە جگە لەو سەدان پەیمانگەیەی لەپەنا ئەو زانکۆیانەدا هەن یاخود بەبڕیاری وەزارەتی پەروەردە کراونەتە سەربار. هەر بۆ نموونە، دوای تێپەڕینی ٢٠ساڵ بەسەر کردنەوەی یەکەمین بەشی ڕۆژنامەنووسی لە پەیمانگەی تەکنیکی سلێمانیدا؛ ئێستا زیاتر لە ١٠بەشی هاوشێوە لە زانکۆ و پەیمانگەکاندا هەن کە هەریەک لەو بەشانەش بەدەست کێشەی لۆجیستیی و مرۆییەوە دەناڵێنن. ئەوەش دەرئەنجامی بێپلانیی حکومەت و درزبردنی یەکێک یان زیاتر لەپایەیەکی سیستەمی پەروەردەییە. جا لە ژینگەی خوێندن و پرۆگرامەکانی خوێندنەوە بیگرە تاوەکو بە خوێندکار و مامۆستای وانەبێژی میدیایی دەگات؛ نەیانتوانیوە پەرە بە پێوەرە ناوخۆییەکانی گەشەپێدانی میدیایی لە هەرێمی کوردستاندا

بدەن (Salih, 2018, Hussein, 2018, Aivas, 2017, Ismaeli, 2015, Khdir, 2015, Rashid, 2014).

### ٣.٢: گەشەپێدانی میدیایی و قۆناغەکانی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا

بۆ یەکەمجار لە مێژووی خەباتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی خۆیدا؛ بەرەی کوردستانی بە بەشداری و پشتیوانیی جەماوەر توانی بەشێکی زۆری خاکی کوردستانی بندەستی عێراق، بە پارێزگەی کەرکووکیشەوە ڕزگار بکات. ئەوەیش لە ئەنجامی ئەو دۆخە سیاسییە نوێیەی بەهۆی داگیرکردنی دەوڵەتی کوێت، لەدوای ٠٢ی ئابی ١٩٩٠ لە عێراق و خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا هاتەئارا. سەدام حسێن؛ سەرکۆماری ئەوکاتی عێراق وەک فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان پەلاماری بەشێکی زۆری شارە گەورەکانی کەرکووک، هەولێر، سلێمانی و دهۆکی دا. کوردستانیان؛ بە کورد و تورکمان و مەسیحی بۆ دەربازبوون لە شاڵاوی هێزەکانی حکومەتی ناوەندی، لە کۆڕەوێکی ملیۆنیدا بەرەو ناوچە سنوورییەکانی تورکیا و ئێران کۆچڕەوییان کرد. پاشان لەسەر پێشنیازی فەرەنسا و بە پشتیوانیی ئەمریکا و بەریتانیا، بڕیاری ژمارە ٦٨٨ لەلایەن ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییەوە دەرچوو کە بەهۆیەوە نەوای ئارام بۆ پاراستنی گەلی کوردستان و خەڵکە ئاوارەبووەکەی ناوچە سنوورییەکان لەدژی بۆردوومانی فڕۆکەکانی سووپای عێراق لە سەرووی هێڵی پانیی ٣٦پلە دیاریکرا (Mawlood, 2011). لە ٢٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٩١و لە دوای بەئاکام نەگەیشتنی وتووێژی نێوان بەرەی کوردستانی و ڕژێمەکەی سەدام حسێن، حکومەتی عێراق دەستی بە کشانەوەی دامودەزگا کارگێڕییەکانی لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک کرد. لەپێناو بەڕێوەبردنی ئەو پارێزگایانەشدا، بەرەی کوردستانیی لە ڕێی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنێکی گشتییەوە بیری لە دامەزراندنی سیستەمێکی پەرلەمانی کردەوە. ئەوەبوو لە ڕۆژی ٢٨ی

نیسانی ١٩٩٢دا، بەرەی کوردستانی، کە لە حەوت پارتی سیاسی پێکهاتبوون بڕیاریان لەسەر پەسەندکردنی یەکەمین پڕۆژەیاسای هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان– عێراق دا ( Syan, 2015). دواتر لە ١٩ی ئایاری ١٩٩٢دا؛ بە بەشداریی نزیکەی یەک ملیۆن دەنگدەر کە نوێنەرایەتیی زیاتر لە سێ ملیۆن و نیو هاووڵاتیان کرد، لە ڕێگەی دەنگدانی گشتی و نهێنی و ڕاستەوخۆوە هەڵبژاردن بۆ بەربژێرانی یەکەمین خوولی پەرلەمان و ڕابەری گشتیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان کرا (Baili, 2016). لەم قۆناغەدا و لە پاش یەکەمین هەڵبژاردنی گشتی دوور لە چاودێریی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی و دەرچوونی ئەندامانی یەکەمین خوولی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان، متمانە بە یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەخشرا (بڕوانە ماڵپەری پەرلەمانی کوردستان و Hamasaeed, 2011). دوای داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی و نووسینەوەی دەستووری نوێی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥دا؛ بەپێی مادده ١١٧ی ئەو دەستوورە پەسەندکراوە: هەرێمی کوردستان بوو بە قەوارەیەکی نیمچەسەربەخۆی زۆرینە کوردنشین کە دەکەوێتە باکووری کۆماری فیدراڵیی عێراقەوە، خاوەنی کەسایەتی یاسایی و مەعنەویی خۆیەتی. لەو هەرێمەشدا؛ هەریەک لە دەستەڵاتەکانی ڕاپەڕاندن (حکومەت)، یاسادانان (پەرلەمان)، دادوەریی و میدیایی بە شێوەیەکی "سەربەخۆ" لێکجیاکراونەتەوە (بڕوانە دەستووری هەمیشەیی عێراق). هەریەک لەوانەش لە واقیعدا لەژێر هەژموونی سەرکردە سیاسییەکان و حزبەکاندان؛ کەمترین ئاستی سەربەخۆیی و پیشەییبوونی خۆیان پاراستووە، بە تایبەت لە سەروەختی هەڵمەتەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن، ململانێی سیاسی و قەیرانە جۆربەجۆرەکاندا. ئەوەیش وایکردووە خاوەندارێتیکردنی گشتیی میدیاکار و میدیاکان زۆرتر بەسەر ئەو ئایدۆلۆژیا و حزب و کەسایەتییانەدا دابەشببێت کە لە گەشەپێدان یان

گەشەپێنەدانی میدیادا بەرپرسن. هەربۆیە لەم توێژینەوەیەدا؛ قۆناغەکانی گەشەپێدانی میدیایی لە ماوەی نێوان ١٩٩١-٢٠٢١ی هەرێمی کوردستانی عێراقدا بۆ سێ قۆناغی سەرەکی پۆلێنکراون کە هەر قۆناغە و خاوەن خەسڵەت و تایبەتمەندێتیی خۆیەتی و لە خوارەوە وردتر ئاماژەیان پێدەدرێت: (Aivas, 2017, Syan, 2015, Ismaeli, 2015)

**١.٣.٢: قۆناغی یەکەم؛ ١٩٩١-٢٠٠٠:**

لە ماوەی دەیەی یەکەمی حوکمڕانیی خۆبەخۆی کورددا؛ گۆڕانکاریی جۆرایەتیی بەسەر دۆخ و سەکۆی دەربڕینی میدیاکار و میدیای کوردیدا هات. هەر لە گەشەپێدان بە سیاسەتی میدیایی، بەڕێوەبردنی میدیایی، گوتاری میدیایی، پەیامی میدیایی تا بە گەشەپێدان بە فرەیی میدیایی، ئازادییەکانی دەربڕین و ڕۆژنامەگەری و مافی زانین، ڕەخساندنی زەمینەی لەباری کارکردن و ژینگەی میدیایی و باشترکردنی ژیانی میدیاکار دەگات (Rashid, 2014). ئەم قۆناغە بێپێشینەیەی گەشەپێدانی میدیایی زۆر درێژەی نەکێشا؛ بەهۆی دروستبوونی شەڕی ناوخۆی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٩٤-١٩٩٨ و دەرهاویشتەکانی، حکومەتی هاوبەشی نێوانیان بەسەر ناوچەی ژێر دەستەڵاتی هەریەکێکیان دابەشبوو و دواتر هەریەکە و لە ناوچەی خۆی کابینەی حکوومەتی خۆی بەهاوبەشی حزبە هاوپەیمانەکانیان پێکهێنا کە تا ئەم ساڵانەی دواییش ئەو دابەشبوون و دووئیدارەییە کاریگەریی بەرچاوی بەسەر تەواوی کەرت و کایەکان هەبوو، لەوانە: ئاستی گەشە و پاشەکشێی میدیا بە تایبەت لە ڕووی پیشەیی و یاسایی و ئازادیی ژینگەی کارکرنەوە (ئەبوبەکر، ١٩٩٧). لە دیارترین تایبەتمەندییەکانی ئەم قۆناغە؛ دەرچوونی یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستانی عێراق، کە لە دووەمین مادەیدا بە دەق نووسراوە: "چاودێری(رقابە) لە هەرێمدا ناخرێتەسەر چاپەمەنی و هەر هاوڵاتییەکی

سەربەستە لە دەرکردنی هەر چاپەمەنییەکدا بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە." (بڕوانە یاسای ژمارە ١٠ی ساڵی ١٩٩٣ لەسەر ماڵپەری پەرلەمانی کوردستان) هاوکات لە ڕووی پیشەیی و شێوازی نوێی دەربڕین و نووسینەوە؛ نەوەیەکی نوێی ڕۆژنامەوانان لەنێو هۆزانڤان و چرۆکنووس و ئەدیبان دەرکەوتن کە لەو قۆناغەدا زمانی ئەدەبی بەسەر زمانی ڕۆژنامەگەریدا زاڵکرا و نەتوانرا خەیاڵاتی ئەدەبی لە ڕاستەقینە (fact)ی ڕۆژنامەگەری لێکجیابکرێنەوە. ئەگەرچی لە عێراقدا و لە دوای کەوتنی بەرەی تاکحزبیی بەعسی عەرەبیی سۆسیالیستی (١٦ی تەمووزی ١٩٧٠- ٠٩ی نیسانی ٢٠٠٣) فرەحزبی و ئازادییەکانی دەربڕین و ڕۆژنامەگەری و ئینتەرنێت و بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکانی بەرفراوانتر بوون، بەڵام ڕێکخستنیان لە ڕووی یاسا و ڕێسا پیشەییەکانی ڕاگەیاندنەوە سەخت و قورستر بوون. بە تایبەت کە شەپۆلی بێسنووری ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی یاخود میدیای جێگرەوە (alternative media) شوێنەواری میدیای باو (mainstream media)ی ڕاماڵی و زووتر لەوەی چاوەڕواندەکرا ئەپڵیکەیشنەکانی خۆی جێگیرکرد (Mawlood, 2011). ئیتر لەم قۆناغە بەدواوە، ڕۆڵی دەرگاوان کەمتر و بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتیی میدیا و میدیاکاران بێبەهاتر و کەم کاریگەرتر دەبوون، چەندێتیی میدیا و بەرهەمەکانی بەهێزتر و چۆنایەتییان لاوازتر دەبوون. بەوەش بازاڕی جۆرێکی نوێی کارکردن برەویسەند کە لە ڕووی مێژووییەوە دەرکەوتەکانی بۆ هەڵمەتی بازاڕگەریی پارتیزانیی (guerrilla marketing campaign) دەگەڕێنەوە (Bali, and Zarea, 2018, Bughin, and Spittaels, 2012).

### ٢.٣.٢: قۆناغی دووەم؛ ٢٠٠١-٢٠١٠:

دەرکەوتنی شێوازەکانی کارکردنی میدیای پارتیزانی لە هەرێمی کوردستاندا؛ زۆرتر بۆ دەیەی دووەمی سەدەی بیست و یەک

دەگەڕێتەوە. سەدەیەک کە بووە شایەتی ڕووخاندنی فیزیکیی ڕژێمە دیکتاتۆرییەکەی سەدام حسێن و هۆکاری هێنانی هێزی سەربازی و هەژموونی هزریی زیاتری ئەمەریکا و کلتووری خۆرئاوا بۆ وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست. لە دووەمین دەیەی ئەزموونی حوکمڕانیی کورددا؛ دەرفەتێکی گەورەتری ئازادیی ڕادەربڕین و ڕۆژنامەگەری ڕەخسا و لەپاڵ میدیای ئاڕاستەکراوی حزبیدا، دەیان میدیای ناحیزبیی "سەربەخۆ" بە پاڵپشتیی کەسایەتییە سیاسی و بازرگان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و وڵاتانی خۆرئاوا و ئەوروپا دامەزران. ئەوەیش لەلایەک بەهۆی دەرهاویشتەکانی داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی و دەربازکردنی گەلانی عێراق لە چنگی ڕژێمەکەی سەدام حسێن و لەلایەکی دیکەیشەوە بەهۆی زیاتر بڵاوبوونەوەی ئینتەرنێت و بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکانی توانرا گەشەپێدانی میدیایی ببرێتە ئاستێکی بەرزتری یاسایی و پیشەییەوە (Hussein, 2018). دیارترین تایبەتمەندییەکانی ئەم قۆناغە هەڵبژاردنی خولی دووەم و خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان و دەرچوونی یاسای سندوقی خانەنشینی ڕۆژنامەوانانی کوردستانی عێراق، ژمارە ١٣ی ساڵی ٢٠٠١ و یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن (تیرۆر) لە هەرێمی کوردستان-عێراق، یاسای ژمارە ٠٣ی ساڵی ٢٠٠٦ و یاسای ڕۆژنامەگەري لە هەرێمی کوردستان، ژمارە ٣٥ی ساڵی ٢٠٠٧ و یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق، ژمارە ٠٦ی ساڵی ٢٠٠٨ بوو. هاوکات بەهۆی هاتنی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و کردنەوەی خولی جۆربەجۆری میدیایی؛ ڕۆژنامەوانان بە شێوازێکی نوێی دەربڕین و داڕشتنی زانیاری و ڕووماڵی ڕووداوەکان کران و تاڕادەیەکی زۆر ئاشناکران بە جیاوازییەکانی نێوان کاری ڕۆژنامەگەری لە چالاکیی سیاسی و سیخوڕی (Aivas, 2017).

بازاڕگەریی پارتیزانی؛ ناونیشانی کتێبێکی نووسەری ئەمریکایی جای کۆنراد لیڤنسۆن (١٩٣٣-٢٠١٣) بوو کە لە ساڵی ١٩٨٤دا چاپکرا. لەوێدا بۆ یەکەمجار ئەم چەمکە بەکارهێنرا کە مەبەست لێی؛ جۆرێکە لە ڕێکلام یاخود ستراتیژێکی ڕیکلامییە و بە مەبەستی بنیاتدنانی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ بەکارهێنەرانی بەرهەمەکانیاندا، کۆمپانیاکان لە ڕێی بەکارهێنانی تەکنیک و مومارەسەی هەمەجۆری وەک سوپرایز و کارلێکی ناباوەوە، برەو بە بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانیان دەدەن. هەڵبەتە ئاڕاستەکردنی کاردانەوەی سۆزداریی بەکارهێنەران، یەکێکە لە ئامانجەکانی ئەم کارلێکە و کۆتائامانجی بازاڕگەرییەکەش، گەیشتنە بە خەڵکی لەپێناو بیرهێنانەوەی بەرهەمەکان و براندەکان بە ڕێگەیەکی جیاوازتر لە ڕێگە ناسراوەکان. واتە جیاواز لە ڕێگە باوەکانی وەک چاپکراوەکان، ڕادیۆ، تەلەڤزیۆن و پۆستەی ڕاستەوخۆ کە جەماوەریان لەدەستداوە، بازاڕگەر و ڕیکلامکاران ستراتیژێکی نوێیان بۆ گەیاندنی پەیامە بازرگانییەکانیان دۆزیوەتەوە. ئەو جۆرە لە بازاڕگەری؛ فۆکەس دەخاتەسەر بەکارهێنەران و سەرنجڕاکێشانیان لە ڕێگەی سوپرایزکردن بۆ دروستکردنی تێڕوانێکی گەورە لەسەر بەرهەمەکە یان براندەکە و ئەویش بە چواردەوری خۆیدا ژاوەژاوێک لەسەر ئەو بەرهەمە دروستدەکات کە بازاڕسازیی بۆ دەکرێت. ئەمەش ڕێگەیەکی ڕیکلامکردنە کە بەهۆیەوە کارلێکی بەکارهێنەر لەگەڵ بەرهەمەکە یان براندەکەدا زیاد دەبێت و ئەوەش دەبێتەهۆی کێشانی نەخشەی بیرەوەرییەکی لەیادنەچوو (Kenton, 2019). لە ڕێکخستن و دەرئەنجامی هەڵمەتەکانی بازاڕگەریی پارتیزانی و کاریگەرییەکانی و ڕیکلامکردن و بەشداریکردنیشدا، کەناڵەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕەگەزێکی سەرەکین و یارمەتی دروستکردنی ژاوەژاو دەدەن و هانی ناوەڕۆکی هەڵمەتەکەش دەدەن ببێتە پەتایەکی بەربڵاو، بەوەش چالاکییە پارتیزانییەکان سەرنجی میدیا

ڕادەکێشن و لە پەیوەندییە گشتی و میدیاییەکان دادەبڕێن (بڕوانە ماڵپەڕی lumenlearning.com).

**٣.٣.٢: قۆناغی سێیەم؛ ٢٠١١-٢٠٢١:**

لە سێیەمین دەیەی ئەزموونی حوکمڕانیی کورددا؛ شەپۆلێکی بەرفراوانی دامەزراندن، ڕاگرتن و داخستنی میدیاکان ڕووی لە هەرێمی کوردستان کرد و بەدواییدا جیاکاریی جێندەری و بێکارییەکی بەرچاوی میدیاکارانی لێکەوتەوە (Aivas, 2017). ئەوەیش لە دەرئەنجامی هەڵاوسانی قەیرانی دارایی و شەڕی نێوان پێشمەرگە و هاوپەیمانەکانی لەگەڵ ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)دا پەرەیسەند و بوو بەهۆی ڕاگرتنی ئاماژەکانی گەشەپێدانی میدیایی، ئەو دۆخە نوێیە وایکرد بەکارهێنانی بێسنووری میدیای نوێ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە گشتی و فەیسبووک بە تایبەتی؛ ببێت بە جێگرەوەی میدیای سنووردارکراوی کۆن (Salih, 2018). دیارترین تایبەتمەندییەکانی ئەم قۆناغەش بریتیبوون لە نزیکخستنەوەی چەند جۆرێکی میدیا لە نموونەی تۆڕی میدیایی ڕووداو، دامەزراوەی میدیایی نالیا. ئەوانە توانیان دابڕانێک لە نێوان پێش و پاش دروستبوونیاندا دروستبکەن؛ بە تایبەت لە ڕووی بەکارهێنانی تەکنیکی نوێ و لۆژیکی هاوچەرخی میدیاییەوە (Aivas, 2017). لە ڕووی یاساییشەوە؛ خولی چوارەم و پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردران و هەریەک لە یاسای وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق، ژمارە ١٤ی ساڵی ٢٠١٠ و یاسای مافی دانەر و مافە هاوسێکانی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق، ژمارە ١٧ی ساڵی ٢٠١٢ و یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاری لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق، ژمارە ١١ی ساڵی ٢٠١٣ و یاسای ڕێکخستنی ڕیکلامی بازرگانی لە هەرێمی کوردستانی عێراق، ژمارە ٠٤ی ساڵی ٢٠١٩ دەرچووێنران و بەشێک لە بۆشایی یاسایی ڕێکخستنی کاری ڕاگەیاندن و

ڕۆژنامەگەرییان پێ چارەسەرکرا. هاوکات بەهۆی خراپ بەکارهێنانی بێسنووری میدیای نوێ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان؛ پەرلەمانی کوردستان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ پێشنیازەیاسای ڕێکخستنی میدیای ئەلکترۆنی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا کرد، بەڵام لەبەر ڕەتکردنەوەی ناوەڕۆکەکەی بۆ ماوەیەکی نادیار ڕاگیرا تا سەرلەنوێ پێداچوونەوەی تیابکرێت و لەگەڵ دنیای بێسنوور و بێسانسۆری ئینتەرنێت و سیستەمی دیموکراسی و ئازادیی مافی دەربڕین و ڕۆژنامەگەریدا بگونجێنرێت (بڕوانە دەقی یاسا و پێشنیازەیاساکان لەسەر ماڵپەری پەرلەمانی کوردستان). بەسەرنجدان لەو تایبەتمەندییانە؛ لەم قۆناغە و دواتریشدا میدیای کوردی لە ڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پەیجە زۆڵەکانییەوە خۆی نمایشدەکات و گوتاری میدیایی لەسەر وروژاندنی سێکوچکەی تابۆکراوی سێکس و سیاسەت و ئاین دادەڕێژێت. ئەویش لە ڕێی کۆکردنەوەی زۆرترین ژمارەی لایک و کۆمێنت و شەیرکردنی ڤیدیۆی پارچەکراوی بەرنامەکان و زانیاریی ناڕاست و ناتەواوی هەواڵەکان، بۆ بەخشینی زانیاریی ورد و شرۆڤەکردنی زانستی نا، بەڵکو بۆ ڕشتنی تۆوی ڕق و کینە، تۆخکردنەوەی هەستی ڕەگەزپەرستی، برەودان بە جیاکاریی جێندەری و نەتەوەیی و ...هتد. بە دەربڕینێکی دیکە، ئەگەر تا دوێنێ پارتیزانی و چالاکییەکانی دژ بە دوژمنی نەتەوەیی و ڕژێمی سەردەست و داگیرکار وەک جۆرێک لە خەباتی نهێنیی و بەرخودانی نەتەوەیی ئەنجامدرابێت و ئەوەش جۆرە پاڵەوانێکی مەیدانی بەرهەمهێنابێت، ئێستا پارتیزانەکانی ناو میدیای کوردی لە دونیای گریمانەیی ئینتەرنێتدا و بە شێوەیەکی وەهمی هاوزمانەکانی خۆیان دەکەنە ئامانج و لە ڕێی کۆلاژ و مۆنتاژی وێنە و دیمەنی ڤیدیۆیی و چیرۆکی خەیاڵییەوە، درێژە بە جۆرێکی شەرمهێنەری نایاسایی لە چالاکیی پارتیزانی دەدەن!

## ٣. بەشی سێیەم: کۆکردنەوە و شیکردنەوەی داتای توێژینەوە

لە ڕووی زانستییەوە؛ ئەم توێژینەوەیە بە توێژینەوەیەکی وەسفی (descriptive study) هەژمار دەکرێت کە پشت بە ڕێبازەکانی تێبینیکردن (observation) و گرووپی فۆکەس (focus group) دەبەستێت. تێبینیکردن؛ ڕێبازێکی توێژینەوەیە کە لە سروشتیترین دۆخ و شوێنەکانیاندا تێبینیی بەشداربووان و دیاردەکان دەکات. بەپێچەوانەی شوێنە پێکهاتەدارەکانی وەک گرووپی فۆکەس و تاقیگەی توێژینەوە؛ تێبینیکردن وا لە توێژەران دەکات ئەو دۆخ و بابەتانەی بۆ توێژینەوەکانیان هەڵیانبژاردوون لە شوێنی سروشتی خۆیاندا ڕاستەوخۆ کاردانەوەیان بەرانبەریان هەبێت (Check & Schutt, 2012). واتە تێبینیکردنی توێژەر لەسەر بەرتوێژ و زانیارییەکانی نموونە (sample)ی وەرگیراوی توێژینەوەکەی؛ بە شێوەی تاکەکەسی و لە ڕێگەی وەرگرتنی وەڵامی ئەو پرسیارانەی لەسەر بەشداربووان یان دیاردەکان هەیەتی. ئەم ڕێبازی توێژینەوەیە؛ لەنێو زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکاندا بۆ توێژینەوەی چۆنایەتی (qualitative) لە ڕەفتاری مرۆڤەکان بەکاردەهێنرێت کە زیاتر پشت بە کۆکردنەوە و ڕێکخستنی دیدگەکان و پۆلێنکردنیان دەبەستێت. بە شێوەیەکی گشتی سێ جۆری تێبینیکردن هەیە، لەوانە: تێبینیکردنی پێکهاتەدار (structured observation) و تێبینیکردنی سروشتی (naturalistic observation) و تێبینیکردنی بەشداربووان (participant observation) کە ئەمەی سێیەمیان لەم توێژینەوەیەدا بەکاردەهێنرێت و مەبەست لێی ئەوەیە کە توێژەران چالاکانە بەشداریی لە خودی توێژینەوەکەدا دەکەن. جگە لە چاودێریکردن و تێبینیکردنی ڕەفتارەکانی بەشداربووان، توێژەران دەتوانن چاوپێکەوتن و تێبینی و سەیری بەڵگەنامەکانیش بکەن و وێنەیان بگرن ( Ponto, 2015). دواتر ئەو داتایانەی لە ڕێی ئەم ڕێبازی توێژینەوەیەوە

کۆدەکرێنەوە لەگەڵ هەموو ڕێوشوێنەکانی دەستکەوتن و شیکردنەوەیان دەخرێنەڕوو؛ هەنگاو بەهەنگاو تاووتوێدەکرێن. بەدەر لەوەیش؛ گرووپی فۆکەس وەک ڕێبازێکی توێژینەوەی جۆرایەتی (qualitative) بۆ پەسن و شیکاری ناوەڕۆکی بیرۆکەی بابەتێک بەکاردێت کە ئامانج لێی گەڕانە بەدوای تێگەیشتن لە مەبەستی سەرەکیی ئەو کەسانەی بوون بە بەرتوێژی توێژینەوەکە و چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا سازکراوە ( Mcnamara, 1999). واتە شێوازێکی توێژینەوەیە کە گرووپێکی بچووک لە خەڵک بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان لە ژینگەیەکی ئازاد و کراوە و میانڕەودا کۆدەکاتەوە کە بەهۆی تایبەتمەندییە دیمۆگرافییە پێشوەختە دیاریکراوەکانەوە؛ بەشدارانی گرووپەکە هەڵدەبژێردرێن و پرسیارەکانیش بە جۆرێک دادەڕێژرێن کە ڕۆشنایی بخەنە سەر بابەتێکی سەرنجڕاکێش. تێبینیکردن لەسەر داینامیکیەتی گرووپی فۆکەس و وەڵامەکانیان بۆ پرسیارەکانی گرووپەکە و تەنانەت زمانی جەستەیان دەتوانێت ڕێنمایی توێژینەوەکانی داهاتوو لەسەر بڕیارەکانی بەکارهێنەر، بەرهەم و خزمەتگوزارییەکان یان بابەتە مشتومڕاوییەکان بکات (Kvale, 1996). ئەم ڕێبازی توێژینەوەیە؛ زۆرجار لە زانستە کۆمەڵایەتی، بازرگانی، ڕاگەیاندن و بازاڕسازی و توێژینەوەکانی بەکارهێنەردا بەکاردەبرێن و دەتوانرێت لە ڕێیەوە فیدباکێکی سروشتیتر پێشکەشبکرێت. گرنگیی گرووپی فۆکەس لەم توێژینەوە زانستییەدا؛ دۆزینەوەی چیرۆکی پشت ئەزموونی کەسی بەرتوێژانە. واتە بە قووڵی دەچێتە بنجوبناوانی بابەتەکە و دەتوانرێت بۆ بەدواداچوونی پرسێکی دیاریکراو و پاڵپشتیکردنی ڕێبازی توێژینەوەی چەندێتی سوودی لێوەربگیردرێت و ببێتە تەواوکەری توێژینەوەی چەندایەتی. لە ڕووی ڕاستگۆییەوە؛ تا ڕادەیەکی زۆر وەڵامەکانی بەرتوێژان بۆ ڕێکخستن ڕاست و دروستترن و ئەنجامەکانیش ڕەوایەتییەکی بەهێزتریان هەیە. گرووپی فۆکەس لەچاو ڕێبازەکانی دیکەی توێژینەوەدا؛ کات و خەرجیی کەمتری پێویستە و زووتریش

ئەنجام بەدەستەوە دەدات و زۆرجار ئەنجامەکانی گرووپەکە، دەستپێشخەری و تێگەیشتنیان لە داتا و ماددە خامەکانیش زیاترە (George, 2015).

لەم بەشەدا؛ سەرجەم ئەو ڕێکارانەی بۆ کۆکردنەوەی داتای توێژینەوەکە و شیکردنەوەی ئەنجامەکان بەدەستهاتوون دەخرێنەڕوو. پاشخانی پیشەیی و ئەکادیمیی توێژەر و کەڵەکەبوونی ئەزموون و سەرنجدانی لەسەر ئەو ناونیشانەی توێژینەوەی لەبارەوە کردووە، هۆکارێکی یارمەتیدەر بوون لە ئاسان دەستگەیشتنی بە بەرتوێژان و کۆکردنەوەی داتاکانی ئەم توێژینەوەیەدا. هاوکات ئەزموونی ڕۆژنامەوانی و مامۆستای توێژەر هۆکارێکی سەرەکی بوو لە دەستنیشانکردنی کێشەی بنەڕەتیی توێژینەوەکە و تێبینیکردن لەسەر قۆناغەکانی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی پەیام و بەرهەم و گوتاری میدیایی و ئاست و ئاستەنگەکانی بەردەمی و کۆی ئەو هەڵمەتە سیاسی و میدیاییەی لە هەرێمی کوردستاندا بۆ قۆناغی ڕاگوزەری دیموکراسی و ئاماژەکانی ئازادیی دەربڕین و گەشەپێدانی میدیاییکران و بە بەردەوامیش دەکرێن.

### ١.٣: دیارترین ئاماژەکانی گەشەپێدانی میدیایی هەرێمی کوردستان

بە پشتبەستن بەو ئاماژانەی ڕێکخراوی کلتوور، زانست و پەروەردەی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNESCO) لەساڵی ٢٠٠٨دا پەرەپێدان؛ ناوەڕۆکی بابەتە سەرەکییەکانی نێو گرووپەکانی فۆکەس لەگەڵ بەرتوێژانی ئەم توێژینەوەیەدا و تێبینیکردنی توێژەر بۆ دیارترین ئاماژەکانی گەشەپێدانی میدیایی لە هەرێمی کوردستانی عێراق لە ماوەی نێوان ساڵانی١٩٩١-٢٠٢١دا بخرێنەڕوو؛ لەوانە:

### ١.١.٣: فرەیی میدیایی و ئازادیی دەربڕین

ڕێکخراوی یونسکۆ جەخت لەوە دەکاتەوە کە "هەبوونی سیستەمێکی ڕێکخستن کە بۆ ئازادیی دەربڕین و فرەیی و فرەچەشنی میدیا لەباربێت"؛ یەکێکە لەو ئاماژانەی کە ئاستی گەشەپێدانی میدیایی هەر وڵاتێکی پێدەناسرێتەوە. لەو سۆنگەیەوە؛ لە هەرێمی کوردستانی دوای ڕاپەڕینەکانی ئاداری ١٩٩١ی گەلانی عێراق و سەرپێکەوتنی دەستەڵاتەکانی یاسادانان و ڕاپەڕاندن و دادوەریی هەرێمی دیفاکتۆی کوردستانی عێراق، گۆڕانکارییەکی بنچینەیی بەسەر ئازادییەکانی دەربڕین و ڕۆژنامەگەریدا هاتن. بە تایبەت کە حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی عێراق تاڕادەیەکی زۆر توانا و توانستی ئاڕاستەکردنی سیاسی و میدیایی بەرهەمهێنان و پەخش و بڵاوکردنەوەی سنووردارکرا. ئیتر لە شوێنی تەلەڤزیۆن و ڕادیۆ و ڕۆژنامە و گۆڤاری فەرمی و یەکئاڕاستەی بەعسییەکان، هەمەڕەنگیی میدیای چاپکراو و پەخشکراو و دیجیتاڵی کوردستانی شوێنی ئەوانیان گرتەوە و پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکانی سنووری هەرێمی کوردستان، جۆرێک لە ئازادیی ناڕێکخراوی دەربڕین و ڕۆژنامەگەریی و فرەیی و فرەچەشنی میدیایی بەخۆوەبینی. ئەگەرچی لەماوەی نێوان ساڵانی ١٩٩١-٢٠٢١دا ئەو گۆڕانکارییانە لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکی حزبیدا مانەوە و نەبوون بە هەوێنی دروستبوونی دامەزراوەی نیشتمانیی پیشەگەر، بەڵام دابڕانێکی گەورەی لە هەموو کەرت و کایەکاندا دروستکرد کە لە مێژووی پێشتری عێراقدا هاوشێوەی نەبوو. لە دەیەی یەکەمی ئەزموونی فەرمانڕەوایی کورددا؛ دەرچوونی یاسای ژمارە ١٠ی چاپەمەنی و یاسای ژمارە ١٧ی حزبە کوردییەکان لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە گڕوتینێکی زیاتری بە قۆناغی یەکەمی گەشەپێدانی میدیایی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا بەخشی. لە ڕووی پیشەیی و یاساییەوە؛ کاری ڕێکخراوەیی و ڕێکخستنی

ناوەڕۆک و خاوەندارێتیی میدیایی بردە ئاستێکی ڕێکخراوتر و توانی جۆرێک لە فرەیی حزبی و فرەچەشنیی میدیایی دەستەبەربکات، واتە زۆرتر گۆڕانکارییەکان لە ڕووی چەندێتییەوە بوون نەک چۆنیەتی. ئەوەیش وایکرد سەرلەنوێ "ئەزموونی بەعسیزمی میدیایی" دووبارە ببێتەوە. ئەزموونێک کە لەبری ئەوەی یەک میدیا بۆ خەون و خەمی گشتی بێت و هەمووان بە سەکۆی دەنگ و ڕەنگی خۆیانی بزانن، خەون و خەمی نیشتمانیی هەمووانی بۆ ستراتیژ و سیاسەتی میدیایی بەرتەسکی ئەوتۆ بچووککرانەوە کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەشێکی زۆری میدیاکار و میدیاکانیان لەلایەن حزبەکانەوە ئاڕاستە و پارەدار دەکران و بوون بە درێژەپێدەری هەژموونی میدیای یەکئاڕاستەی حزبەکان. ئێستایشی لەگەڵدا بێت؛ ئەو میدیاکار و میدیا حزبییانە نەبوون بە میدیای خزمەتگوزاری گشتی و نیشتمانی؛ بگرە هەر ئەوانیش بوون بە بەرنامە ڕێگرییان لە هەوڵ و هەنگاوەکانی دروستبوونی میدیای نیشتمانیی پیشەگەری کوردی گرت.

«...، ژمارەی ئەو ڕۆژنامە و گۆڤار و کەناڵە تەلەڤزیۆنانەی کە ئێستا هەن زۆر خەیاڵی و سەیرە. ... بەبەردەوامی ڕۆژنامە و گۆڤاری تازە دەردەچێت و ئێستا کەناڵی تریش بەڕێوەیە. ئەم دۆخەی لە کوردستاندا هەیە گوزارشت لە هەژموون دەکات، هەژموونیش لە دەستگرتن بەسەر سەرچاوەی ئابوورییەوە هاتووە کە ئەمەش بۆ هەموو شتەکانی تر کۆپی و پەیست کراوە. بۆ نموونە زانکۆ و هێزی چەکدار و فەوجیان هەیە و ئێستا ئەو مۆدێلەش چووەتە ناو حکوومەتەوە و لەناو حکوومەتیشدا حکوومەتی سێبەر دروستبووە. بۆیە ئەبێت میدیا؛ منداڵی ئەم کۆمەڵگەیە بێت، ناتوانی ئەم منداڵە لە

منداڵەکانی تر دابڕێنیت. یاریدەدەری سەرۆکی حکوومەت بۆ کاروباری تەندروستی واتای چییە؟ یاریدەدەرەکان لە پشتەوە کۆدەبنەوە و ئەنجوومەنی وەزیرانیش بۆ ڕاگەیاندن و بۆ کامێرا و شت کۆدەبێتەوە. ئەم ئەزموونە بۆ هەموو شتەکانی تریش کۆپیکراوە... »

**د. محەمەد عەلی؛**

**چاودێری سیاسی و مامۆستای زانکۆ**

بەدەر لە دەردی زۆر و بۆریی میدیاکان، نەبوونی سیستەمی سیاسیی نووسراو و هەژموونی یەکئاراستەی حزبی؛ یەکێکە لەو کێشە درێژخایانانەی ئەزموونی فەرمانڕەوایی کوردی عێراق کە بەرتوێژانی ئەم توێژینەوەیە جەختی لێدەکەنەوە. هاوکات درێژیی دەست و دەمی حزبەکان لەنێو هەموو کەرت و کایەکاندا بە هۆکارێکی دیکەی گەشەپێنەدانی میدیای کوردی دەزانن. هەربۆیە داوای هەموارکردنەوەی یاسای حزبەکان دەکەن کە بەدەق تیایدا نووسراوە؛ حزب مافی «ئەو ڕێ و شوێنانەی ڕاگەیاندنی هەبێ کە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی بەپێی یاسا ڕەچاوکراوەکان بەکاریان دێنێ» (بڕوانە بڕگەی یەکەم، ماددەی ١٣ لە یاسای ژمارە ١٧ی ساڵی ١٩٩٣ی حزبەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق). بە جۆرێک داوا دەکرێت لە هەموارکردنەوەی ئەو بڕگە یاسایەدا؛ بە دەق ئەوە بچەسپێنرێت کە سەرچاوەی داهات و دارایی ڕاگەیاندن و پەیوەندییە گشتییەکانی حزب لەسەر حسابی بودجەی گشتیی نەبێت. هەروەها ژمارەی ڕاگەیاندنەکانی حزب و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی و چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی و سیاسەتی کارکردنیان دیاریکراو و ڕوون و ئاشکرا بن.

«...، ئێستا یاسای حزبەکان لە عێراق دەرچووە کە ئەویش بێکەموکوڕی نییە، بەڵام لەچاو ئەوەی کوردستان تازەتر و پێشکەوتووترە. ئەمەی کە یاساکە هەیە بەڕای من کێشەی تیانییە بە تایبەت ئەوەی پەیوەندیی بە ڕاگەیاندنەوە هەیە، لەبەرئەوەی تەقالیدی سیاسی لە دەوڵەتی عێراقدا لەناو حزبایەتیش لە عێراقدا بە کوردستانی خۆشمانەوە تا بەو دواییە دوو پێوەر هەبوو بۆ بوونی دیموکراسیی لە وڵاتێکدا. یەکێکیان؛ ئەوەبوو کە حزب هەبێت و بۆی هەبێت فرەحزبی پێکبیهێنێت، دووەمیش؛ ڕاگەیاندن هەبێت. جا لە یەکێک لە داواکارییەکانی حزب لەهەر وڵاتێکدا ئەوەیە کە بۆیان هەبێت ڕۆژنامە و تەلەڤزیۆنیان هەبێت. ... واتە بوونی حزب لەناو هەر دیموکراسیەتێکدا بەڵگەی بوونی ئەو دیموکراسیەیە. ئێستا لە وڵاتانی کەنداودا ئەڵێن دیموکراسیتان هەیە و دەستووریشتان هەیە، بەڵام عەیبە بۆ ئێوە کە حزبتان نییە. ڕەنگە قسە لەسەر ئەوە بکەین کە حزبەکان ئەبێت شێوەی ڕاگەیاندنەکانیان بگۆڕن، بۆ نموونە گۆڤاریان هەبێت یان ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیان هەبێت؛ ئەمە پێویستە. ئێستا حزبەکان بە شێوەیەکی گشتی ڕادیۆ و تیڤییان هەیە، لەبەر ئەوەی یاسا یاساغی نەکردووە؛ بۆ نەیان بێت؟ بە ڕاستی ئەم گفتوگۆیەش کە زۆرجار دەکرێت، گفتوگۆی ئەوکەسانەن کە قانوونیان بەدەست نییە. حزب بۆ نەبێت و بۆ ڕاگەیاندنی نەبێت؟ تۆ ئەتوانیت نەیکڕیت و سەیری تەلەڤزیۆنەکەی نەکەیت. تەشویقی هەرە گەورە ئەوەیە وابکەیت کە ڕاگەیاندن وەک دامەزراوەی سەربەخۆ فراوان بێت و زیادبێت، خۆی ئۆڵڕێدی ئەوانی تر لە بازاڕدا پاشەکشە دەکەن، ڕێسایەکی

ئابووری هەیە کە دەڵێت؛ پارەی باش پارەی خراپ لە بازاڕدا دەکاتەدەرەوە. ...»

**ستران عەبدوڵا؛**
**لێپرسراوی مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان**

بەبڕوای بەشێکی دیکە لە بەرتوێژان کاتێک دەوترێت؛ حزب هەژموونی بەسەر هەموو کەرت و کایەکاندا هەیە، واتە هیچ بوارێک بۆ کێبەرکێی پیشەیی ناهێڵێتەوە و بەهۆی دەستەڵاتی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە قۆرخی هەر هەوڵ و هەنگاوێک دەکات کە پێچەوانەی سیاسەت و ستراتیژی ئاشکرا و پەنهانی بێت. تەنانەت ئێستا دۆخێک هاتووەتە پێش کە حزبەکان پێویستییان بە کۆمپانیاکانی ئەندامانی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی هەبێت، نەک بە پێچەوانەوە. لە ئەنجامی ئەو دۆخە نوێیەشدا؛ «میدیای کەسی» کە شەڕی بەوەکالەت و «تەوریسی سیاسی» دەکەن، شوێنی بە میدیای فەرمیی حزبەکان لێژ کردووە، بە جۆرێک لە ڕیزبەندیی کەناڵە دڵخوازەکانی جەماوەر و تەنانەت ئەندام و لایەنگرانی خودی حزبەکانیشدا نەماون. هاوکات ڕۆژبەرۆژ هەست بە پەیوەندیی توندوتۆڵی نێوان هێزی ئابووری و سیاسەت لە هەرێمی کوردستاندا دەکرێت: ئەوەی هێزی ئابووریی بەدەستەوەیە، میدیا و پەروەردە و خوێندنی باڵا و زۆر کایەی دیکەشی خستوەتەژێر هەژموونی خۆیەوە و خۆی گەورەتر لەهەر یاسا و ڕێسا و دامەزراوەیەکی فەرمی دەبینێت. لەم نێوەندەشدا؛ ئەوەی جێگەی پرسیاری بەرتوێژانە ئەوەیە کە دەیان دامەزراوەی وەک وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، داواکاری گشتی، دەستەی نەزاهە و دیوانی چاودێری، پۆلیس و ئاسایش و چەندینی دیکە زۆرترین بوودجەی گشتییان بۆ خەرجدەکرێت بەبێ ئەوەی بە ئەرکی سەرەکیی خۆیان هەستن. بۆ نموونە کاتێک

کەسێک لەیەککاتدا بەرپرسیارێتیی حکومی هەیە و لە پشت دامەزراوەیەکی میدیاییەوەیە، کارنامە و پلانەکانی جێبەجێ دەکات؛ ئەو دامەزراوە پەرلەمانی و حکومی و دادوەرییانە ئەرکی چاودێری و لێپرسینەوەی خۆیان فەرامۆشدەکەن و وەک عەلاگەی جلهەڵواسین، هەموو بەرپرسیارێتییەکە بە میدیا و میدیاکاراندا هەڵدەواسن. تەنانەت کاتێک ڕۆژنامەوانێک تیرۆردەکرێت؛ لەبری ئاسایش و پۆلیس و دادگا، ئەستێرەیەکی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دێت و چۆنیەتیی تیرۆکردن و هاندەر و بکەری تیرۆرەکە ئاشکرادەکات. بەدەر لەوەیش؛ بەشێکی دیکەی بەرتوێژان پێیانوایە کارکردنی ڕێکخراوەیی حزبەکانی هەرێمی کوردستان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لەپاشەکشێدایە و ئەوەش وایکردووە هیچ دامەزراویەکی نیشتمانی لە جۆری پەرلەمانی، حکومی، دادوەریی و میدیایی نەمێنێت. بۆیە چاکسازی لە ستایلی حزبایەتی و حوکمڕانیدا بە پێویستییەکی هەنوکەیی لەپێشینە دەزانن، چوونکە هەر ئەو دۆخە پاشاگەردانییەی حزبەکان بوو کە زەمینەی بۆ «میدیاکار و میدیای جنێوفرۆش و نابەرپرس و خاوەن نادیار» ڕەخساند کە ببن بە پاڵەوانی میدیای کلاسیک و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بە دوایدا دەنگی زۆرینەی دەنگدەران لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا بەدەستبهێنن.

> «...، من کاندید بووم ٣٦٠٠ دەنگم هێناوە، کەچی جوێندەرەکەم ١٧٠٠٠ دەنگ دەهێنێت و پاشانیش منەت بەسەر حزبدا دەکات و دەڵێت من لەبەر توانای خۆم ئەوندە هەزار دەنگم هێناوە و فلانە کەسیش ئەوەندەی هێناوە. ئەگەر لیستی داخراو بووایە، ئەوکات حزب ڕیزی ئەکات و کەس ناتوانێت بڵێ دەنگی منە و منەتیش بەسەر حزبدا ناکات و لێشی دەرناچێت. ... لەناو کۆمەڵی ئیسلامیدا چەند پەیج و ئەکاونتێک

> هەبوون من بەزۆر دامخستن و وتم؛ من ئەگەر میدیاکەی خۆم بەهێز بێت میدیای سێبەرم ناوێت جوێن بە خەڵکی بدات، من نامەوێت بە جوێن نەیارەکانی خۆم بخەم، بەڵکو بە بەرنامە و پلانی خۆم زاڵدەبم بەسەر نەیارەکانی خۆمدا. بۆیە نە ژمارە زۆریی میدیا کاریگەری سلبیی دروستدەکات، نە ئەوەی کە حزب خاوەنی میدیا بێت، بەڵکوو دەبێت ئەو میدیایانە بەرپرسیارانە هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕووداوەکاندا بکەن. هەرحزبێک کاتێک خەباتی سیاسی دەکات، بۆ ئەوەیەتی لە ڕۆژێکدا بچێتەسەر کورسی دەستەڵات، بەڵام گرفتەکەی ئێمە؛ نابەرپرسیارانە مامەڵەکردنی میدیاکانە لەگەڵ ڕووداوەکاندا. ... »
>
> **فاروق عەلی؛**
> **بەڕێوەبەری پێشووی تۆڕی میدیایی کۆمەڵ**

لەو بۆچوونانەی سەرەوەدا ئەوە دەردەکەوێت کە ئێستا حزبە کوردییەکان لەبری مەکتەی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانیان؛ میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیان وەک نێوەندێکی ڕێکخستنی حزبی بۆ بانگەشە و پیاهەڵدانی دڵخوازانی خۆیان و دژایەتیکردنی نەیارانیان بەکاردەهێنن. تەنانەت زۆرجار بەرژەوەندییە حزبییەکانیان ناچاریان دەکات؛ زۆر گوێ بە یاسا بەرکارەکان و پێوەرەکانی ڕێسا پیشەییەکانی ڕاگەیاندن نەدەن.

> «... هەریەک لەو حزبانە کۆمەڵێک پەیج و ئەکاونتیان کڕیوەتەوە بۆ جوێنفرۆشتن، کەواتە دەستەڵات خۆی لەپشتی ئەو پرسەوەیە. بێگومان تا کۆمەڵگە سەرلێشێواو بێت، مانەوەی ئەوان مسۆگەرترە، بۆیە پێویستە خەڵکانێک کە هەست بە

بەرپرسیاریّتی دەکەن، لە شوێنێکەوە دەستپێبکەن و بڵێن ئیتر پێویستە بوەستیت. ...»

**نەجیبە مەحموود؛**

**ڕۆژنامەوان و چالاکوانی مافەکانی ژنان**

## ۲.۱.۳: خاوەندارێتیی میدیایی و شەفافیەتی ئابووری

"فرەیی و هەمەجۆریی میدیا، گۆڕەپانێکی ئابووریی یەکسان و شەفافیەتی خاوەندارێتی"؛ ئاماژەیەکی دیکەی گەشەپێدانی میدیاییە لەهەر وڵاتێکدا. هەرێمی کوردستانی عێراق لەماوەی نێوان ساڵانی ۱۹۹۱-2021دا؛ بەهۆی دەرکەوتنی دیاردەی فرەحزبیی و فرەمیدیاییەوە، پشکی زۆری سەرچاوەی داهات و دارایی کەوتە ژێر چنگی حزب و کەسایەتییە دەستڕۆشتووەکانیان. بە تایبەت کە حزبەکان بە گشتی و دەستەڵاتدارەکانیان بە تایبەتی؛ دەستیان بە پرۆژەی وەبەرهێنان کرد و کۆمپانیای بازرگانیی جۆربەجۆریان بۆ کەڵەکەکردنی سامان و داهات دامەزراند، بوون بە سەرچاوەیەکی سەرەکیی مانەوە و بەردەوامیی میدیاکار و میدیاکانیش. واتە خاوەندارێتیی میدیایی ئەو فرەیی و هەمەجۆرییەی میدیاکانی هەرێمی کوردستان؛ حزبەکان و کەسایەتییە سیاسی و بازرگانەکانیان بوون، نەک کێبەرکێی چوونیەکی پیشەیی و ڕیکلام و فرۆشتنی بەرهەمی میدیایی. هەربۆیە فرەیی و هەمەجۆریی میدیای کوردی نەبوو بە گۆڕەپانێکی یەکسان بۆ هەمووان. لەو نێوەندەشدا؛ بەهۆی ناشەفافیەتی ئابووری لە دەستخستن و خەرجکردنی داهات و دارایی و لاوازیی توانای پەرلەمان و پەرلەمانتاران لە بەدواداچوون و لێپێچینەوەی یاساییدا، خاوەندارێتیی میدیایی بە ناڕێکخراویی مایەوە و نەتوانرا مەرج و ڕێوشوێنی گونجاوی بۆ دابنرێت. بۆ نموونە؛ لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا کاتێک پارتی دیموکراتی

کوردستان دەیەویت ڕۆژنامەیەک دەربکات، یەکێک لەمەرجەکانی مۆڵەتدانی ئەوکاتی حکومەتی عێراق ئەوەبوو کە کەسانی قانوونی یاخود دەرچووانی بەشە زانستییەکانی قانوون ببن بە خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەر، بەڵام لەماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا مەرجێکی وا لە یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستاندا بۆ خاوەندارێتیی میدیاکان بەدیناکرێت. ئەوەیش یەکێکە لەو هۆکارانەی وایکردووە زۆرجار ئەوانەی پارەداری بێبڕوانامە و نەشارەزای میدیایی بوون؛ ببن بە خاوەن و بەڕێوەبەری میدیای چاپکراو یاخود پەخشکراو و دیجیتاڵی. لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا؛ جگەلەوەی قەیرانێکی دارایی گەورە هەیە؛ لە سەرچاوەی داهات و دارایی میدیاکانیشدا بەربەستیی گەورەتر هەیە. ئەگەرچی لە سەردەمی دوو ئیدارەییدا، جۆرێک لە پاڵپشتیی دارایی (تمویل) بۆ میدیای سەربەخۆ هەبوو، بەڵام دواتر نەما.

> «...، هیچ میدیایەک ناتوانێت بە ڕیکلام بژی، تۆ چەند ڕیکلامیشت هەبێت ناتوانی پارەیەکی وا دەستبخەیت کە خزمەتی پرۆژە بنەڕەتییەکەی پێبکەیت. ئەویش پەیوەندیی بە بازاڕی کار و ئەو ئابوورییە لۆکاڵییەوە هەیە کە لە کوردستاندا هەیە. بۆ نموونە، ڕەنگە هیچ تەلەڤزیۆنێکی باشووری کوردستان ڕیکلامی لە پارچەیەکی تری کوردستانەوە بۆ نەهاتبێت، لەبەرئەوەی زاراوەی ئەو بەشەی تری هەیە یاخود گرنگی بە پارچەیەکی تری کوردستان دەدات. کەواتە تۆ ئامانجەکەت ئەم باشووری کوردستانەیە، ئێ باشووری کوردستانیش بە ڕاستی ئەو کۆمپانیایانەی چوونەتە سەرڕێ و پارە بە ڕیکلام دەدەن بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن. ...»

**فرمان عەبدولرەحمان؛**
**ڕۆژنامەوان و ڕاهێنەری میدیایی**

بەدەر لەو بۆچوونە باوانەی کە پێیوایە؛ ڕیکلام نەبووەتە سەرچاوەی سەرەکیی دارایی و داهاتی مانەوە و بەردەوامیی میدیا لە هەرێمی کوردستاندا، بۆچوونێکی دیکە هەیە وایدەبینێت کە لە عێراقیشدا بەهەمانشێوەی ئێران و سووریا و تورکیا میدیای نیشتیمانیی هەیە و پارەیەکی زۆریشی بۆ خەرجدەکرێت، بەڵام ئەگەر بەدواداچوونیان بۆ بکرێت چ میدیاکانی عێراق یان میدیاکانی تورکیا و ئێران و سووریا بێت، خراونەتە خزمەتی کەسەکانەوە. واتە، کێشەکە ئەوەیە کە میدیاکار و میدیای عێراق بە میدیاکانی وڵاتانی دراوسێوە وابەستەیە کە لە ڕووی کلتوورییەوە نزیکترن لەیەکتری، چونکە ئەوە کلتووری هاوبەشە کە وایکردووە میدیاکار هاوشێوەی سیاسی و بازرگانەکان بیربکاتەوە.

> «....، بۆچی من وەک میدیاکارێک بەهەمانشێوەی سیاسییەک بیر بکەمەوە. بۆچی کاتێک کە من سەرنووسەری میدیایەکی ئەهلیم و وازدەهێنم، بچم میدیایەکی تر بکەمەوە، تەنیا لەبەر خاتری ئەوەی کەسی یەکەم بم لە میدیاکەدا. ئەمەیە زۆر و بۆری لە کوردستاندا دروستکردووە و بووەتە هۆی ئەوەی میدیاکان ناچاربن بۆ ئەوەی پارەیان دەستبکەوێت، ببنە میدیای کەسەکان. ئێستا میدیای حزبەکانیش نەماون و مۆدێلێکی دیکەی میدیایی دروستبووە لە ئاستی کەناڵەکان و بگرە تا دەگاتە ئاستی دیجیتاڵمیدیا و تەنانەت سۆشیالمیدیا و تاکەکەسییەکانیش، هەمووی کراوە بە میدیای کەسی. ئێستا میدیای کەسي زۆر برەوی هەیە؛ ئەوەتا دوو تەلەڤزیۆنی میدیای کەسی-مان هەیە و لەوانەیە چەند میدیایەکی تریش بکرێنەوە.

ئاشکرایە ئەمانە نە میدیای حزبن نە میدیای نیشتیمانی نە میدیایەکن بۆ تاکی کورد، بەڵکو بۆ کەسەکانن کە ئەمە بنەڕەتی کێشەکانی ئێمەیە، بەڵام بۆچی ڕۆژنامەنووسی ئێمە بیری لەوە نەکردوەتەوە کە میدیایەکی بێلایەنمان هەبێت، ئایا میدیای بێلایەن لە کوردستاندا دروستنابێت؟ ...»

**عەدنان سەید محەمەد؛**
**ڕۆژنامەوان و چاودێری میدیایی**

بەدەر لەو بۆچوونانەی سەرەوە؛ بەبڕوای بەشێکی دیکە لە بەرتوێژانی ئەم توێژینەوەیە هەریەک لە چاپکراوەکانی هاووڵاتی، ئاوێنە، لڤین و تەلەڤزیۆن و ڕادیۆکانی نەوا و نالیا؛ نموونەی چەند هەوڵێکی میدیایی ساڵانی ١٩٩١-٢٠٢١ بوون کە لە سەرەتادا و لە دەرەوەی داهات و دارایی حزبە سەرەکییەکانی هەرێمی کوردستاندا توانیان بناغەی میدیای ئەهلي یان میدیای ناحزبیی "سەربەخۆ" دابمەزرێنن. دواتر بەهۆی قەیرانی دارایی و ناچوونیەکی ژینگەی میدیایی و پێگەی پیشەیی کارکردن و سنووردارییی دەستگەیشتن بە سەرچاوەکانی زانیاریی و گۆڕینی ئاڕاستەی کارکردنی خاوەنی هەندێک لەو میدیایانە، توانای مانەوە و بەردەوامییان بە شێوەیەکی پیشەیی و وەک "میدیای سەربەخۆ" نەما و کەوتنەژێر هەژموونی حزبیی پارتە دەستەڵاتدار و ئۆپۆزیسیۆنەکانی هەرێمی کوردستان-ەوە.

### ٣.١.٣: گوتاری میدیایی و سەکۆی دیموکراسی

ئاماژەیەکی دیکەی گەشەپێدانی میدیایی لە هەر وڵاتێکدا؛ بریتییە لە "هەبوونی میدیا وەک سەکۆیەک بۆ گوتاری دیموکراسی". بە بڕوای زۆرینەی بەرتوێژانی ئەم توێژینەوەیە؛ میدیای هەرێمی کوردستانی عێراق لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٩١-٢٠٢١دا توانیویەتی لە هەندێک پرسی دیارییکراودا ببێت بە سەکۆیەک بۆ ئاڵوگۆڕی بیروبۆچوون و دروستبوونی ڕایگشتی. بە تایبەت لەدوای هاتنەناوەوەی ئینتەرنێت و دەستگەیشتنی هاووڵاتیان بە خزمەتگوزارییەکانی و زووتر و زیاتر پەخش و بڵاوبوونەوەیدا؛ میدیای دیجیتاڵیی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوون بە سەکۆ و پانتاییەکی گشتی بۆ دەربڕینی ئازا و ئازادانەی بەکارهێنەران و بەشدارییکردنیان لە چەسپاندنی پایەکانی سیستەمی دیموکراسیدا. واتە میدیای نوێ و بەکارهێنەرانی بوون بە هۆکارێک بۆ باشتر هەڵدانەوەی دۆسییەکانی گەندەڵیی و زیاتر چاودێرییکردنی دەستەڵاتەکانی یاسادانان، ڕاپەڕاندن و دادەریی و خوودی میدیاکار و میدیاکانیشیان. ئەو کرانەوە گەورەیەی لە دوای لابردنی سەدام حسێن و دارمانی ڕژێمەکەی و کەوتنی حزبی بەعس لە عێراقدا ڕوویدا؛ کاریگەریی بەرچاوی لەسەر هەرێمی کوردستان و دۆخی میدیاکار و میدیاکەیشی هەبوو. کاریگەرییەکە هێند بەرفراوانبوو؛ لەبری ئازادیی دەربڕین و ڕۆژنامەگەریی جۆرێک لە بەرەڵایی و پاشاگەردانیی میدیایی لێکەوتەوە کە زۆر بە دەگمەن دەتوانرێت دانیشتوویەکی هەرێمی کوردستان بدۆزرێتەوە کە لە خراپ بەکارهێنانی میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێی ناوزڕاندن و دەستوەردانە نێو ژیانی تایبەتی دەربازی بووبێت.

«..... ئێمە دەبێت بزانین ئەم سیستەمە دیموکراسییەی لە کوردستاندا هەیە تا چەندێک پایەکانی

وەک سیستەمی دیموکراسیی ڕۆژئاوا تەواو هەیە تاوەکو بێین لە بابەتی ڕاگەیاندندا قسەی لەسەر بکەین؟ ئێستا بۆئەوەی بێینەوە ناو قسەی عەمەلی با لەتیڤییەوە دەستپێبکەین، ئایا گەلی کوردستان و کوردستان تیڤیی لە کوێی گرنگیپێدانی بینەراندایە؟ لەپاڵ گەلی کوردستان-دا تۆ کەناڵی ترت هەیە کە بینەری هەیە، لەپاڵ کوردستان تیڤیی و زاگرۆس-دا کە تاڕادەیەک تەلەڤزیۆنێکی عەرەبیی حزبییە، خەڵک سەیری ناکات و پارتییەکانیش سەیری ناکەن، بەڵکو سەیری ڕووداو و کوردستان٢٤ دەکەن. ئەم دوو کەناڵە دوور و نزیک پەیوەندییان بە حزبەوە نییە و بە کارنامەی حزبیش دانەنراون و بۆ کەس-یش دانەنراون، ئەگەر ڕووداو لەناو حزبدا دابنرایە، ڕکابەرەکەی لە ناو بنەماڵەدا؛ نەئەهات کوردستان٢٤ دابنێت. ... دەبێت ڕاگەیاندنی حزبەکان لە ماڵی گشتی تەمویل نەکرێن. حزب کەیفی خۆیەتی کەناڵ دائەنێت و گوزارشت لە بۆچوونی خۆی ئەکات. ئێمە لەناو سیستەمی دیموکراسیدا نین، بەڵکوو لە قۆناغێکی ئاڵۆزداین کە پێیدەوترێت قۆناغی گواستنەوە بەرەو دیمورکراسی کە ئەوەندە ئاڵۆزە لە هەر وڵاتێکدا سیاقی تایبەت و تایبەتمەندیی خۆی هەیە. بۆیە ئێمە ئەبێ دووبارە پێناسەی حزب بکەینەوە کە شێوێنراوە. دیموکراسی، بەبێ حزب ناتوانێ دیموکراسیی بێت، ڕاستە حزبی مەدەنیی باش نین، چونکە حزبێک لەناوخۆیدا نەتوانێت ممارەسەی دیموکراسیی بکات کە بچێتە دەستەڵات، بێگومان سوڵتەوی دەبێت. کێشەکە لەناو حزبدایە کە خۆی بڕوای بە دیموکراسیی نییە، ممارەسەی دیموکراسی ناکات و وردەوردە ئەوەی دائەمەزرێت بەرەو بنەماڵەبوون ئەچێت. ئێستا پارتی کە

لەپێشترین بنەماڵەی حاکم و سیاسیین لە کوردستاندا لابەرە و تازەکە بهێنە کە نەوەی نوێ-یە، لەبەرئەوەی عەقڵەیەتەکە تەسەلوتییە لەناو حزبەکەدا، حزبەکە حزبی ڕەسەنی دیموکراسیی هەقیقی نییە. یەکێک لە ئەرکە گرانەکانی وڵاتی ئێمە کە ناتوانی دەرکی پێبکەین و خراپ ئیشی لەسەر کراوە ئەوەیە کە میدیا خزمەتی زۆری دەستەڵات و حزبە گەورەکانی کردووە. ...»

**سەردار عەبدوڵا؛**
**چاودێری سیاسیی و پەرلەمانتاری پێشووی عێراق**

بەدەر لە پێویستیی چاکسازیی حزبی و سیستەمی سیاسی؛ نەبوونی یاسای پاراستنی مافی تایبەتمەندێتی و خراپ بەکارهێنانی میدیای دیجیتاڵیی بە ئاماژەیەکی دیکەی گەشەپێنەدانی میدیای کوردی دەزانرێت کە بەرتوێژانی ئەم توێژینەوەیە جەختی لێدەکەنەوە. بەزاندنی سنوورەکانی مافی تایبەتمەندێتی کەسەکان؛ ڕەگ و ڕیشاڵی بۆ نێو کلتووری کوردی بەر لە پەیدابوونی ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش دەگەڕێتەوە. پێکهاتەی خێزانی کورد؛ قەرەباڵغ و پێکەوەگرێدراو بووە و زەمینەی دەستوەردانە نێو تایبەتمەندییە کەسییەکانی زیاتر ڕەخساندووە. ئەوەش وایکردووە، دیاردەکە پەل بۆ نێو ئەو تۆڕە ئەلکترۆنییانە بهاوێت کە کۆنترۆڵکردنیان لە ڕووی تەکنۆلۆژی و یاساییەوە ئاسان نییە. هەروەک بەرتوێژان جەختی لەسەر دەکەنەوە؛ حزبە سیاسییەکانی کوردستان و دەزگا سیخوڕییەکانیان وەک سەرچاوەیەکی ڕێکخراو و سەرەکیی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ڕۆڵی بەرچاویان لە خراپ بەکارهێنانی میدیا و میدیاکاران لە دەستوەردانە نێو ژیانی تایبەتیی کەسایەتییە گشتییەکان، ناودارەکان و تەنانەت هاووڵاتیانی ئاسایی-ش هەیە و هەبووە. ئەو دۆسیانەش لە سەروەختی ململانێی سیاسی و قەیرانەکان و

هەڵمەتەکانی بانگەشەی هەڵبژاردندا زیاتر و ئاشکراتر بەدەردەکەون. بەدەر لە بڕگە و مادەکانی یاسای ژمارە ٤٣٨ی ساڵی ١٩٦٩ی سزاکانی عێراق و یاسای ژمارە شەش-ی ساڵی ٢٠٠٨ی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن لە هەرێمی کوردستاندا کە بۆ وەرگرتن و لێپێچینەوەی یاسایی سکاڵای سەر تاوانە ئەلکترۆنییەکانیش بەکاردەهێنرێن، هەموارکردنەوە یان دەرکردنی یاسایەکی تایبەت بە پاراستنی مافی تایبەتمەندێتی و ژیانی تایبەتیی کەسەکان بە پێویست دەزانرێت، چونکە ئەو یاسایانەی پێشوو وەڵامی پێداویستییە یاساییەکانی سنووردارکردنی تاوانە ئەلکترۆنییەکانی ئەمڕۆ نادەنەوە کە بەهۆی ئینتەرنێت و خزمەتگوزارییەکانیەوە لە پەرەسەندندان. لەو پێناوەشدا؛ ئێستا پەرلەمانی کوردستان سەرقاڵی بەیاساییکردنی پێشنیازی ڕێکخستنی میدیای ئەلکترۆنی-یە. ئەو پێشنیازەیاسایە کە لە دانیشتنی ٢٧-٢٨ی تەمووزی ٢٠٢٠دا لە پەرلەمانی کوردستان خوێندنەوەی یەکەمی بۆکرا، ناوەڕۆکەکەی لە ٢٢مادده و هۆکاری دەرچوواندنی پێکهاتووە.

> «...، بەداخەوە لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا و هاتنەناوەوەی شێوازی نوێ بۆ ناو کۆمەڵگەکەمان، کۆمەڵێک کێشە و گرفتی تر هاتە ناو خێزانەکان، بە تایبەتیش ئێستا کە سۆشیالمیدیا کاریگەرییەکی زۆر گەورەی لەسەر تاکەکان و کۆمەڵگە هەیە. لەسەر کێشە و تاوانەکان، ئەوەندەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە زانیاریمان دەستدەکەوێت، ئەوەندە لەناو دادگاوە دەستناکەوێت. زۆرجار ئەمە کاریگەریی خراپی لەسەر لێکۆڵینەوەی ناو دادگاکان هەبووە. بە جۆرێک وایکردووە خەڵک دەستوەردان لە بچووکترین شتی تاکەکان بکات و هەموو شتێک زۆر بەئاشکرا باسئەکرێت و هیچ

> سانسۆرێک نییە. دیارترین نموونە، ڕووداوی گیانلەدەستدانی ڕۆژنامەنووسان ئامانج بابانیی و لانە محەمەد و منداڵەکەیان بوو کە کەسێک لە پەیجەکەی خۆیەوە بوو بە لێکۆڵەر و پارێزەر بەرانبەر دۆسییەکە. ...»
>
> **شۆخان حەمەرەشید؛**
> **پارێزەری ڕاوێژکار و چالاکوانی مەدەنی**

لەو بۆچوونانەوە؛ ئەوە دەردەکەوێت کە خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن و میدیای دیجیتاڵی لە دەستوەردانە نێو ژیانی تایبەتیی کەسەکان و پێشلکردنی مافی تایبەتمەندێتیی بووە بە ناسنامەی هاوچەرخی میدیا نەک هەر بە تەنیا لە ئاستی جیهاندا، بەڵکو لە ئاستی هەرێمی کوردستانی عێراقیشدا. لەو ڕووەوەوە؛ بەرتوێژان ئاماژەیان بە چەندین نموونەی بەرچاوکرد، لەوانە: دۆسیەی پەرلەمانتار شادی نەوزاد و جوڵانەوەی نەوەی نوێ و دەیان نموونەی دیکە کە هەموو ئەوانەیش ئەو گومانانەی زیاتر ڕەواندەوە، کە ئەو جۆرە دەستوەردان و پێشلکاریانە زیاتر بە بەرنامە و لە ڕێگەی کەسانی دەستڕۆیشتووەوە دەکرێن، چونکە «خەڵکی گشتی، لە ڕێگەی سۆشیال میدیاوە زۆر کەم ئەتوانن هەڕەشە لەیەکتری بکەن، ئەوەی کە ئەیکات حزبی سیاسییە و لە ڕێگەی کڕینی پەیجەکانەوە دەکرێن. ...» (گمۆ محەمەد، ٢٠١٩).

> «...، دەستوەردانە نێو ژیانی تایبەتیی کەسەکان لە ساڵانی شەستەکانەوە هەبووە. لە قۆناغێکدا کاڵ ئەبێتەوە و لەدوای دروستبوونی بزوتنەوەی گۆڕان-ەوە دەستپێدەکاتەوە. ئەوەی کە KNNی ناو نابوو تۆپخانە و بە بەردەوامی قسەی

لەسەر کەسایەتییەکان دەکرد، ئەمە وەک کلتوور دەبێتە پرسی سەرەکی. پرسی دووەم، چەمکی شەرەفە، بۆ نموونە لەدوای ڕێکخستنی کۆنفرانسێک لەلایەن من و گرووپی سۆفیا بۆ بەرپرسیارکردنی ئەوانەی کە دەستوەردەدەنە ژیانی تایبەتیی کچان و ژنان و ڕاویان دەکەن، ئێستە ڤیدیۆ لەسەر ڤیدیۆ لەسەر من بڵاوئەکەنەوە، بەڵام من بێباکم. بەبۆنەی "..........."ەوە، زۆرێک لە کچانی گرووپی سۆفیا ڕووبەڕووی توندوتیژیی جەستەیی بوونەتەوە. من کێشەکەم ئەوەیە کە "........" لێرە نییە، بۆیە ئێستە لە هەوڵی ئەوەدام لەگەڵ کۆمەڵێک کەسدا لە "........" سکاڵای لەسەر تۆماربکەم، لەبەر ئەوەی قسەکانی ئەو ئەقڵانی نییە. ئەو بۆمن، وەک پیاوە و وەک ژن نییە، چونکە وەک پیاو توندوتیژیی بەرانبەر ئافرەت ئەکات. ...»

**لەنجە خاوێ؛**
**چالاکوان و سەرپەرشتیاری گرووپی کچانی سۆفیا**

بە بڕوای بەشێکی دیکە لە بەرتوێژان نەبوونی سیاسەت و یەکسانیی جێندەری؛ ئاماژەیەکی دیکەی گەشەپێنەدانی میدیای هەرێمی کوردستان بووە لە ماوەی ساڵانی ١٩٩١-٢٠٢١دا. لە ڕووی دامەزراوەیی و بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی بەرهەمی میدیاییەوە؛ جیاوازیی جێندەریی لە زۆرینەی دامەزراوەکانی میدیا و پەیامی میدیایی چاپکراو و پەخشکراویاندا هەستپێدەکرێت. ئەوەش وایکردووە جیاکاریی بەرچاو لە گوتاری میدیایی میدیاکار و میدیای کوردیدا ڕەنگبداتەوە. بۆ نموونە، نێرسالاریی بەرهەمهێنەرانی پەیام و ڕیکلامە پەخشکراوەکان وایکردووە

ڕەگەزی مێینە زۆرجار وەک کاڵا و شمەکێک یان کەسێکی پلەدوو و پاشکۆی نێرینە پیشانبدرێت. ئەوەیش دژ و پێچەوانەی بنەماکانی سیستەمی دیموکراسییە، هەربۆیە مانەوەی پرسی جیاکاریی جێندەری و نەبوونی سیاسەتێکی دامەزراوەیی ڕوون بۆ ڕۆڵ و پێگەی ڕەگەزی مێیینە لە میدیاکاندا؛ خەوشێکی دیکەیە کە وایکردووە میدیای کوردی هەتا ئێستاش زۆر گەشەکردن بەخۆوە نەبینێت. بە تایبەت بەشێکی زۆری میدیاکان وێنایەکی نەرێنی لەسەر وێنەی ڕاستەقینەی کچان و ژنان بەرهەمدەهێنن کە لەسەر بنەمای توانا و لێوەشاوییان ناهێنرێنەپێشەوە، بەڵکو مێیینەبوون (انوثة) و ئاستی خۆنمایشکردنی سێکسی هۆکاری سەرەکیی هاندان و بردنەپێشەوەیانن لە پۆستە کارگێڕی و میدیاییەکاندا. بەدەر لەوەیش وایلێهاتووە، «ئیش لەسەر لەش و لاری ئافرەت بکرێت و بکرێنە نوخبە کە ئەوەش پەیوەندیی بە خراپ بەکارهێنانی وێنەی میدیایی ئافرەتەوە هەیە. ئێستا بە شێوەیەک لە شێوەکان ئەوەی دەبینرێت لەشفرۆشییە و ناویان ناوە فاشیۆن و مەیکەئاپ ئارتیست کە هەموو ئەم کەناڵانە بەرهەمیدەهێنن و وەک ئەستێرە بە وەرگریان دەناسێنن. ...» (هەڵشۆ عەبدولفەتاح، ٢٠١٩).

> «...، من خۆم توێژینەوەی ماستەرەکەم لەسەر ڕۆڵی ژنە لە ڕیکلامدا. بە تایبەتی ئەگەر سەیری میدیا کوردییەکان بکەین ژن بە شێوەیەکی زۆر ناشرین پیشاندەدرێت. بۆ نموونە، ژن بە دەمدرێژ و دەمەوەڕ پیشاندەدرێت یان ئەو ژنانە دەهێننەسەر شاشە کە جوانکارییان کردووە. ئەمە وایکردووە خەڵک تووشی نەخۆشی دەبێت، چونکە دەبێت ئەوانیش وابن ئەگەر وانەبێ ئیشی دەستناکەوێت یان دانامەزرێت. ئەوەش بۆ ئەوە

دەگەڕێتەوە کە زۆربەیجار دەرهێنەرەکان پیاون و
ئەو دەقەی کە دەینووسن ژن بە شێوەیەکی لاواز
پیشاندەدات. لە ڕێگەی ڕیکلامەکانەوە، وەها ئیش
لەسەر ژن دەکەن کە تەنیا ئیشی ئەو جلشۆردن و
چێشتلێنانە. ...»

**شەیما وەسیم؛**
**چاودێری میدیایی و بەڕێوەبەری پایتەختی**
**ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان**

### ٤.١.٣: توواناسازیی میدیایی و توانستی دامەزراوەیی

"بنیاتنانی توانای پیشەیی و پشتگیریکردنی ئەو دامەزراوانەی کە بنەمای ئازادیی دەربڕین و فرەیی و هەمەجۆرییە"؛ ئاماژەیەکی دیکەی گەشەپێدانی میدیاییە لەهەر وڵاتێکدا. لە ماوەی نێوان ١٩٩١-٢٠٢١دا؛ نەبوونی پیشەگەرییەتی و میدیای نیشتمانی بوو بە دەردێکی بێدەرمانی ئەزموونی سێ دەیەی فەرمانڕەوایی کورد. هەروەک بەرتوێژانی ئەم توێژینەوەیەش جەختی لێدەکەنەوە؛ ئەزموونی ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا بەدەست ناپیشەییبوون (unprofessionalism)ەوە دەناڵێنێت؛ نەیتوانیوە و بە ئاسانیش ناتوانێت بە شێوازێکی پیشەیی و نیشتمانیی دوور لە بیرکردنەوەی تەسکی حزبایەتی کاری خۆی بکات. هەم خاوەنی میدیاکان و هەم ئەوانەیشی کاریان لەگەڵدا دەکەن بەسەر ئایدۆلۆژیا و کارنامەی ئاشکرا و پەنهانی حزبەکاندا دابەشبوون؛ ئەوەیش هۆکارێکی سەرەکییە لەوەی بە بەرنامە کار لەسەر بەحزبیکردن و بارگاویکردنی ڕۆژنامەگەریی کوردي بکرێت و بە ئاسانی کۆدەنگیی خۆڕسک لەسەر پرسە نیشتمانییەکان دروستنەبێت.

«...، میدیای ئێمە پرۆفیشناڵ نییە و دوورە لە پرۆفیشناڵیزم. واتە کارەکانی بە دیقەتی پرۆفیشناڵێتی ناکات و ئەوانەیشی کە لە ڕاگەیاندنەکاندا کاردەکەن کەسانی پرۆفیشناڵ نین. دیارە خەڵکی پرۆفیشناڵ هەیە، بەڵام بەداخەوە بە شێوەیەکی گشتی پرۆفیشناڵ نین. بۆ نموونە، لە میدیای کوردیدا بەهەر نرخێک بێت هەوڵدەدرێت هەواڵ دروستبکرێت. لە هەرێمی کوردستاندا، میدیا وابەستەیە بە بەرژەوەندیی حزب یان لایەنی سیاسی یان گرووپی میدیایی، ئەوەش وایکردووە بە دیدگای ئەو حزب و لایەنەی خۆی هەواڵ دروستبکات و بەرژەوەندیی گشتی بۆ ئەوان زۆر پێوەر نەبێت، بەڵکو بەرژەوەندیی گرووپ گرنگترە. ...»

**بابەکر دڕەیی؛**
**بەڕێوبەری پێشووی ڕۆشنبیری و هونەر**
**لە سلێمانی**

لەو بۆچوونانەی سەرەوەدا؛ ئەوە دەردەکەوێت کە بەرهەمهێنانی هەواڵ و لێکەوتەکانی و دواتر پەخش و بڵاوکردنەوەی لەسەر بنەما پیشەییەکان و بەهاکانی نەبێت و وەڵامی پرسیارەکانی کێ، کەی، لەکوێ، چی، چۆن، بۆچی تیا نادرێتەوە، بەڵکو زۆرتر ئاڕاستەکراو بێت و بەپێی ویست و بەرژەوەندیی تایبەتی دابڕێژرێت. هەروەک بەرتوێژان جەختی لێدەکەنەوە حزبە سیاسییەکانی کوردستان و ئۆرگان و کەسایەتییەکانیان زۆرتر بەپێی میزاج و بەرژەوەندیی خۆیان میدیاکان پڕدەکەنەوە. ئەگەرچی ئێستا دۆخی میدیاکار و میدیای هەرێمی کوردستان بەراورد بە

ده بۆ پانزەساڵی ڕابردوو باشترە، بەڵام هێشتا تا ئەندازەیەکی زۆر نابەرپرسیارن. هەڵبەت لێرەدا هەر بەتەنها خاوەنی میدیاکان و ئایدۆلۆژیا و حزبەکانی پشتیان نین کە ڕەنگی ناپیشەییبوون و نانیشتمانیبوونی میدیای کوردی تۆخدەکەنەوە، بەڵکو خودی ئەو کەسانەیشی وەک ڕۆژنامەوان کاردەکەن زۆر گرنگی بە پیشەییبوون و نیشتمانیبوونی بەرهەمە ڕۆژنامەوانییەکانیان نادەن. تەنانەت زۆر بە دەگمەن نەبێت میدیاکانیش خولی پیشەیی ڕاهێنان و تواناسازیکردن لە سەرچاوە مرۆییەکانیاندا ناکەن، وەک پێویستییەک بۆ دووبارە نوێکردنەوەی زانیاری و توانستی خودیی ڕۆژنامەوانان سەیری ناکەن. لە دەرئەنجامیشدا میدیاکار و میدیاکانیان کەمتر هەماهەنگی و پشتگیریی ئەو دامەزراوانە دەکەن کە بنەمای ئازادیی دەربڕین و فرەیی و هەمەجۆری پەرەپێدەدەن، کە ڕەنگە هۆکاری ئەوەش بۆ پابەندبوونیان بە سەرچاوەکانی داهات و دارایی ئەو حزب و کەسایەتییانە بگەڕێتەوە کە پاڵپشتییان دەکەن؛ چ بە ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ. هەربۆیە بەشێکی زۆر لە بەرتوێژان نەبوونی هۆشیاری یاسایی و پیشەیی بە ئاماژەیەکی دیکەی گەشەپێنەدانی میدیایی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا دەزانن. بە جۆرێک کەمیی هۆشیاریی یاسایی ڕۆژنامەوانان و دەزگەکانیان و تەنانەت پەراوێزخستنی ڕۆڵی ڕاوێژکارە یاساییەکان لە بەرانبەر ئەو کێشە و گرفتانەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە لە کاتی ڕووماڵکردنی زانیاری و ڕووداوەکاندا زیاتربووە. هاوکات نەبوونی یاسای گشتگیریی میدیایی و لاوازیی جێبەجێکردنی ئەوانەیش کە هەن و کەمتەرخەمی داواکاریی گشتی و سەربەخۆنەبوونی دادوەران و دادگەکان، دیارترین ئاستەنگی یاسایی بەردەم ڕێکخستنی ناوەڕۆکی ڕاگەیاندنن لە هەرێمی کوردستاندا. بێجگە لە ڕێگرییە یاسایی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و نەبوونی دەستەڵات و دامەزراوەی نیشتمانیی پیشەیی کە بەرگری لە ماف و ئازادییەکانی ڕۆژنامەوانان بکات؛ جۆرێک

لەپەروەردە و کلتووری نادروستی جنێودان، تۆمەتبەخشینەوە یاخود ناوزڕاندن بە ئامانجی دروستکردنی «پاڵەوانی شاشە» و بازاڕسازی بۆی کراوە بە باو. هەڵبەت کاتێک ڕۆژنامەوانێک ڕاپۆرتە هەواڵێک یاخود تەنانەت هەواڵێکیش لەبارەی تاوانێک یاخود لەبارەی بابەتێکی یاسایی ئامادە دەکات، دەبێت شارەزایی زۆر وردی لە چەمک و زاراوە یاساییەکاندا هەبێت کە هەریەکەیان پێناسەی تایبەت و دیاریکراوی خۆیان هەیە؛ جا پێناسەکە شارەزایانی بواری یاسا و دادگەکان کردبێتیان یاخود یاسادانەران کردبێتیان. هەربۆیە گرنگە لەم بوارەدا؛ بەکارهێنەرانی جۆرە جیاوازەکانی میدیا و خودی میدیاکاران پاشخانێکی زۆرباشی یاساییان هەبێت. "بە پێچەوانەوە؛ نادیدەگرتنی ئەم بابەتە، جگەلەوەی دەبێتە لەکەیەک لەسەر ناوبانگی ڕۆژنامەنووسەکە، بەهەمان شێوەیەش بە هەڵەیەکی کوشندە لەسەر ئەو میدیایەش دادەنرێت کە ڕۆژنامەنووسەکە کاری تێدا دەکات. یاسازانی یان زانستی یاسایی؛ خۆی لە خۆیدا دنیایەکی پان و بەرینە لە پسپۆڕی و وردەکاریی و پێویستە لەمیانەی ڕووماڵکردنی هەر بابەتێکی تایبەت بەم دونیا فراوانەدا، ڕۆژنامەنووس لانیکەمی وشیاریی یاسایی هەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو هەواڵە یان ڕاپۆرتە هەواڵەی ئامادەی دەکات یەکانگیربێت لەگەڵ بنچینە یاساییەکاندا و لەگەڵیاندا ناکۆک نەبێت. ئەوەش وا دەخوازێت ڕۆژنامەنووس هەر لە ناوی یاساکانەوە شارەزایی بەرایی هەبێت هەتا ناوی دادگاکان و پسپۆڕییەکانیان و بڕیار و حوکمەکانیان و لایەکانی پێکهێنەری دادگا." (عەبدول، ٢٠٢٢: ل٧٩). هەربۆیە پابەندنەبوون بە یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق لە نموونەی یاسای ژمارە ٠٤ی ساڵی ٢٠١٩ی ڕێکخستنی ڕیکلامی بازرگانیی لەهەرێمی کوردستان ـ عێراق، یاسای ژمارە ١١ی ساڵی ٢٠١٣ی مافی دەسکەوتنی زانیاریی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق، یاسای ژمارە ١٧ی ساڵی ٢٠١٢ی مافی دانەر و مافە هاوسێکانی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق، یاسای ژمارە ٠٦ی ساڵی

٢٠٠٨ی قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق، یاسای ژمارە ٣٥ی ساڵی ٢٠٠٧ی ڕۆژنامەگەریی لە هەرێمی کوردستان، یاسای ژمارە ٣٠ی ساڵی ٢٠٠٦ی بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن (تیرۆر) لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق، یاسای ژمارە ٤٠ی ساڵی ٢٠٠٤ی یاسای یەکەم هەموارکردنی ژمارە ٤٠ی ساڵی ١٩٩٨ی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، یاسای ژمارە ١٣ی ساڵی ٢٠٠١ی سندوقی خانەنشینیی ڕۆژنامەوانانی کوردستانی عێراق، یاسای ژمارە ١٠ی ساڵی ١٩٩٣ی چاپەمەنیی هەرێمی کوردستانی عێراق و پێوەرەکانی ڕێسا پیشەییەکانی ڕاگەیاندن لە نموونەی بەرپرسیارێتی، وردبینی و ڕاستگۆیی، سەربەخۆیی، ئازایی و ئازادی، جیاکاری و بێلایەنی، بابەتی و دەستپاکی، هاوسەنگی، تایبەتمەندێتی، دادوەری، پاراستنی نهێنی، خۆناساندن و شیاوی زمانەوانی، ڕێزگرتنی بەهاکان، هاریکارینەکردنی دەزگا سیخوڕییەکان؛ دیارترین گرفتی ئەمڕۆی میدیا و میدیاکاران-ە کە وایکردووە نەتوانرێت بە شێوەیەکی پیشەیی و لە سۆنگەی نیشتمانییەوە بیر لە بەرهەمهێنان و چاپ و پەخشی پەیامی میدیایی بکرێتەوە. ئەوەیش وایکردووە بەشی زۆری ئەوانەی لە میدیای کوردیدا کاردەکەن زۆرتر لە هەوڵ و هەڵپەی بەدەسهێنانی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیان بن وەک لە بەرگریکردن لە خەم و بەرژەوەندییە گشتییەکان (بڕوانە ئەیڤەس، ٢٠٢٠ و دەقی یاساکان لە ماڵپەری پەرلەمانی کوردستان).

«...، کێشەی سەرەکی لەناو میدیای ئێمەدا بەداخەوە ئەو خەڵکانەن کە لەناویاندا ئیشدەکەن کە خۆیان لەسەروو هەموو دەستەڵاتێکەوە دەبینن و وائەزانن ئەوەی کە ئەوان وتیان ئەبێ هەر ئەوەبێت. ئێستا ئەگەر تێبینی بکەن، لە کوردستاندا میدیاکارەکانی ئێمە بەرەو بازرگانییەکی گەورە ڕۆیشتوون، هەیانە خاوەنی موڵک و کافتریا و چێشتخانەن. لە کاتێکدا ئێمە لە کوردستاندا، دەزانین میدیای کوردی لە چ سنوورێکدا کاردەکات، دەتوانین بڵێین میدیاکاری ئێمە لە فەوزای کوردیدا هەوڵی بەئەستێرەبوونی خۆی دەدات. ئەو ئەستێرەبوونەش دەبێت میللەت باجەکەی بدات. ئەو کەسەی لە کوردستاندا دەبێتە ئەستێرە، پەنا بۆ زۆر شتی تر دەبات کە لەوانەیە پەنا بۆ زۆر شتی ناقانوونی و ناشەرعی ببەن، لەپێناو ئەوەی خۆیان لە ڕووی میدیاییەوە ببنە ئەستێرە و کاریزمایەک. ...»

**چرۆ شەهاب؛**

**چاودێری میدیایی و مامۆستای زانکۆ**

بەدەر لە"هەلپەرستیی" ئەوانەی لە میدیاکاندا کاردەکەن و کردنی میدیا بە پەیژەی سەرکەوتن بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیان؛ نەبوونی هۆشیاریی پیشەیی و پابەندنەبوون بە ڕێساکانی بە ئاماژەیەکی دیکەی گەشەپێنەدانی میدیایی ناوزەدەکرێت. هەروەک بەرتوێژان پێداگری لەسەر دەکەن؛ لە سەروەختی زیاتر بڵاوبوونەوەی ئینتەرنێت و میدیای دیجیتاڵییدا ناپرۆفیشناڵێتی میدیا و میدیاکارانی هەرێمی کوردستان زیاتر ڕوو لەهەڵکشان بووە. بە تایبەت زۆرجار وەک «پارتیزان»ێک ئەرکە پیشەییەکانیان ڕادەپەڕێنن؛ بەزوویی «چالاکییەک» ئەنجامدەدەن و پاشان بەجۆرێک دەیسڕنەوە و خۆیان وندەکەن کە ئاسان خۆیان و

بەرهەمەکانیان نەدۆزرێنەوە و نەتوانرێت بە شێوەیەکی ڕوون و ڕەوان لێپێچینەوەی یاساییان لەگەڵدا بکرێت. هەروەک یەکێکی تر لە دەردە بێدەرمانە درێژخایەنەکانی ئەزموونی زیاد لە ٣٠ساڵەی فەرمانڕەوایی خۆبەخۆی کورد لە عێراقدا؛ سەربەخۆنەبوونی هەریەک لە دەستەڵاتەکانی یاسادانان، ڕاپەڕاندن و دادوەری بووە کە وایکردووە تا ئێستایش میدیایەکی سەربەخۆی نیشتمانیی پیشەوەر و بەرپرسیار لە هەرێمی کوردستاندا دروستنەبێت. ئەوەیش بەشێکی بۆ پلان و هەژموونی حزب و «میدیای کەسی» و خاوەنانی دەگەڕێتەوە کە میدیایان لەپێناو بەدیهێنانی ئامانج و بەرژەوەندیی تایبەتی و تاکەکەسیدا خستووەتەگەڕ و بە بەردەوامییش پارەدار دەکرێت تا زەمینەی کێبڕکێی میدیایی و ئاسان دەستکەوتنی زانیاری نەڕەخسێنرێت. لەلایەکی دیکەشەوە؛ لاوازیی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە سەپاندنی یاسا دیارەکانی وەک ڕۆژنامەگەری، خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن و مافی دەسکەوتنی زانیاری و دەرنەچوواندنی ڕێنمایی گونجاو بۆ جێبەجێکردنیان وایکردووە پاشەکشێیەکی بەرچاو لە گەشەپێدانی میدیایی و بەرفراوانکردنی سنووری ئازادییەکانی دەربڕین و ڕۆژنامەگەریدا بەدیبێت. بە چەشنێک لەم ساڵانەی دواییدا سنووری ئازادییەکان هێند بەرتەسککرانەوە؛ زۆر ڕۆژنامەوان و بەکارهێنەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر دەربڕینی سەرنجێکی سادە، سزای زۆر توندیان بەسەردا سەپێنرا.

> «...، یاسای ڕۆژنامەگەریمان هەیە کە ٢٠٠٧ دەرچووە، ئەوکات ڕۆژنامەگەریی کاغەز هەبووە، ئێستا هەر مۆدی بەسەرچووە، یاساکەمان کۆنە، بەڵام من هێشتا هەر بە باشی دەزانم. لەمرۆژانەدا لەگەڵ برادەرێک لە پەرلەمان قسەمکرد؛ وتم با شتێک بکەین بۆ ئەم یاسایە، وتی نەکەی

بەساقەوبم ئەوەشمان دەستناکەوێتەوە. ئەمە ئاستەنگە تۆ نەتوانی دەستکاریی یاساکە بکەیت و نەتوانی هەمواری بکەیتەوە یان یاسای دەستکەوتنی زانیاریمان هەیە کە یاسایەکی زۆرباشە لە ناوچەکەدا. بە حوکمی ئەوەی نامەی ماستەرەکەم لەسەر ئەو یاسایە نووسیوە، لە ناوچەکەدا یاسای وانییە، هەتا یاساکەی ئەمەریکا سنووردارکردنی هەندێ زانیاریی زیاتری تێدایە تا یاساکەی ئێمە. یاساکەمان ئەوەندە جوانە، بەڵام هەتا ئێستا جێبەجێ نەکراوە، ئەمە ئاستەنگە و پێموایە هەموو کەس حەقی ئەوەی هەیە سکاڵا تۆماربکات، بەڵام زۆرجار ئەو سکاڵایانە لەلایەن دەستەڵاتدارانەوە بۆ سنووردارکردنی ئازادیی دەکرێت. خۆ یاسای ڕۆژنامەگەری حەپسی تێدانییە، بەڵام داوای قەرەبوویەک دەکات کە ڕۆژنامەوان بۆی نادرێ، ئەمە ئاستەنگە. لە یاساکەدا دوو بەشمان هەیە قەرەبوو لەگەڵ غرامەدا. غەرامەکە یاسا دیاریکردووە کە لە بیست ملیۆن زیاتر نییە، بەڵام قەرەبووی دەوێت. ... »

**کامیل عومەر؛**

**چاودێری میدیایی و مامۆستای زانکۆ**

بەدەر لەو بۆچوونانەی سەرەوە؛ زۆرینەی بەرتوێژان وایدەبینن کە چیرۆکی تیرۆرکردنی هەریەک لە سەردەشت عوسمان، کاوە گەرمیانی، عەبدولستار تاهیر شەریف، سۆرانی مامە حەمە و ویداد حسێن لە چەند ساڵی ڕابردوودا بەچەشنێک «دیزە بەدەرخۆنە» کران، ئێستاش و ئەوساش بە شێوەیەکی فەرمی ئاشکرانەبوو کە کێ هاندەر و تۆمەتبارە و

کێ جیێبەجێکار و تاوانبار یاخود بۆچی دەستەڵاتی دادوەری و داواکاری گشتی نەیانتوانی ڕۆڵی پیشەیی خۆیان ببینن و ئەو دۆسیانە بە شێوەیەکی سەبەرخۆ یەکلایی بکەنەوە. بەدەر لەوە؛ بەرتوێژان ئاماژە بەوە دەدەن کە نەبوونی زمانێکی ستانداردی یەکگرتووی کوردی لەگەڵ نەبوونی ڕاوێژکاری زمانەوانی و نەبوونی پسپۆڕی میدیایی وایکردووە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بکەونە هەڵەی گەورەوە و بەبێ لێپرسینەوە دەربازیان ببێت (Khdir, 2015). ئەوەیش کاریکردووەتەسەر دروستنووسینی زمانی کوردیی و توانای بەرهەمهێنانی کلتووری لە ڕووی فلم و دراماوە سنووردار بێت کە ئەوەیش دیسانەوە بووەتە هۆکاری هاوردەکردنی زنجیرە دراما و فلمی بیانی و دۆبلاژکردنیان بە شێوەزارێکی «زۆر لاواز» لە ڕووی زمانەوانییەوە و «نەشیاو» لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە. هەڵبەت پەیبردن بە جیاوازیی ئەو وشانەی کە لە ئەدەبیات و میدیای حزبەکانەوە هاتوون، لە نموونەی شاند و وەفد، هاوژین و هاوسەر، وتەبێژ و گوتەبێژ، خوێندکار و قوتابی، ژن و ئافرەت، دروست و ڕاست، ... تد؛ زووتر و زۆرتر کەسانی شارەزا و زمانەوان پەیپێدەبەن، کە ئەوەیش زۆرجار بۆ نەبوونی ڕێبەر و فەرهەنگێکی یەکگرتووی کوردی دەگەڕێنرێتەوە کە هەر میدیا و میدیاکارێک بیر لەوەبکاتەوە دەستەواژەی تایبەت بە خۆی هەبێت، کە هەندێک داوای ئەوە دەکەن لایەنێکی وەک وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، میدیا و میدیاکاران ناچار بە بەکارهێنانی ڕێبەر و فەرهەنگێکی یەکگرتوو بکرێن و هەندێکی دیکەیش بۆ نەبوونی پسپۆڕی زمانەوانیی لەنێو میدیاکاندا دەیگەڕێننەوە.

> «....، ڕاستە، هەندێک لەو چەمکانەی کە هەر کەناڵێک بۆخۆی دایدەتاشێ و بەکاریدێنێ، لە ڕووی واتاییەوە ڕەنگە ڕاست نەبێت. بۆ نموونە، "هاوژین" هاوواتای "هاوسەر" نییە، لە کاتێکدا هەندێ کەناڵ

بەو مانایە بەکاریدێنێت. "هاوژین" شتێکە، "هاوسەر" شتێکی ترە. ئەمە هەڵەی ڕۆژنامەنووسانە کە وشە دادەتاشن و بەکاریدێنن بەبێ ئەوەی بۆ فەرهەنگ یاخود بۆ پسپۆڕی زمان بگەڕێنەوە، تاوەکو بزانرێت ئەم وشەیە کە بە مورادیفی وشەیەکی تر بەکاریدێنێ دروستە یاخود نا. لەبەرئەوە ئەگەر ئێمە بۆ چارەسەرەکەی بگەڕێین، پێویستە لەهەر میدیایەکدا پسپۆڕێکی زمان هەبێت، بۆئەوەی ببێتە سانسۆر بەسەر ئەو هەموو دەق و ڕستە و وشە هەڵانەی لەو میدیایەدا بەرهەمدەهێنرێن، تاوەکو ڕاستبکرێنەوە و بە شێوە دروستەکەی بەکاربهێنرێن. ... پێویستە بەرنامەی تایبەت بە زمان لە میدیاکاندا هەبێت کە لەبارەی زمانەوە هۆشیاری بە تاکەکان بدات. تائێستا دوو پرۆپۆزەڵم بۆ کەناڵەکان بردووە، بەڵام وەریان نەگرتووە، بە پاساوی ئەوەی ئەو جۆرە بەرنامانە زۆر جدین و خەڵک گوێی لێناگرێت. ...»

**پ.ی.د.تریفە عومەر**

**چاودێری زمانەوانیی و مامۆستای زانکۆ**

بەدەر لەو بۆچوونانەی سەرەوە بەشێکی دیکەی بەرتوێژان؛ نەبوونی زمانی ستاندارد و دروستنەنووسینی کوردی بۆ دروستنەبوونی دەوڵەت دەگەڕێنرێتەوە. بۆ نموونە، لە هیندستان ٣٥ شێوەزار هەیە، بەڵام دەوڵەت یەک شێوەزاری کردووە بە زمانی فەرمی و هەمووان پێوەی پابەندن. لە هەرێمی کوردستانی عێراقیشدا؛ هەرچەندە وەک دەقێکی نەنووسراو کرمانجی ناوەڕاست کە شێوەزاری ناوچەی سلێمانییە زاڵە، بەڵام لەبەرئەوەی زمانی ستاندارد نییە، بەکارهێنانی شێوەزارەکان بەپێی میدیاکان دەگۆڕێت. بۆ نموونە، لە میدیاکانی هەولێر و دەوروبەری

شێوەزمانێک زاڵە و لەوانەی سلێمانی و دەوروبەریشی شێوەزمانێکی تر زاڵە. ئەوەیش وای لە میدیای کوردی کردووە هێشتا خاوەن زمانێکی ستاندارد و ڕێنووسێکی یەکگرتووی نووسین و پەخش و بڵاوکردنەوە نەبێت. ئەوەیش ئاماژەیەکی ڕوونە کە بنیادنانی توانای پیشەیی میدیا لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا لاوازە و نەیتوانیوە پشتگیریکردنی ئەو دامەزراوانە بکات کە بنەمای ئازادیی دەربڕین و فرەیی و هەمەجۆرییە.

### ٥.١.٣: ژێرخانی میدیایی و سەربەخۆیی پیشەیی

ئاماژەیەکی دیکەی گەشەپێدانی میدیایی لە هەر وڵاتێکدا بریتییە لەوەی؛ "توانای ژێرخان بۆ پشتگیریکردنی میدیای سەربەخۆ و فرەی بەسە". هەرێمی کوردستانی عێراق لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٩١-٢٠٢١دا؛ لە ڕووی ژێرخانەوە تا ڕادەیەکی زۆر وێران و داڕووخاو بوو، چونکە جگەلەوەی بە سەدان گووند و شارەدێ و شارۆچکەی لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە خاپوورکرابوون، خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی وەک ئاو و کارەبایشی بە ئەستەم بۆ دابیندەکرا. هەربۆیە هاووڵاتیان هێندەی عەوداڵی پەیداکردنی بژێویی ژیان بوون، نیوهێندە پەرۆشیی بەدەستهێنانی زانیاری و ئاڵوگۆڕکردنی بیروبۆچوونەکانیان نەبوون تا هەڵوەدای پشتگیریکردنی میدیای سەربەخۆ و فرەیی میدیایی بن. هەربۆیە سەرپێخستنی ژمارەیەک «میدیای سەربەخۆ» لە قۆناغی دووەمی گەشەپێدانی میدیایی لە هەرێمی کوردستاندا زۆرتر بۆ هەوڵ و پشتگیریی چەند ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی و بەشێک لە وڵاتانی خۆرئاوا و ئەورووپا دەگەڕێتەوە، وەک لە پتەویی ژێرخانی ئەم هەرێمە تازە ڕاگوزەرەی دیموکراسیی پاش-ململانێ. لە دوای ساڵی ٢٠٠٥ و هاتنەناوەوەی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی بۆ عێراق و بەرزیی نرخی نەوت؛ هۆکارێکی لەباربوو بۆ بووژاندنەوەی ژێرخانی هەرێمی کوردستان و بەهێزکردنی توانای ڕۆژنامەوانان و پشتگیریکردنی میدیای ناحزبی و کەسی. بە بڕوای

بەرتوێژانی ئەم توێژینەوەیە؛ بەشێکی دیکەی گەشەنەکردنی میدیای کوردی بۆ نەبوونی سیستەمێکی ڕوون و ڕاشکاوی میدیایی دەگەڕێنرێتەوە، کە ئەویش لێکەوتەی نەبوونی دەقێکی دەستوورییە بۆ سیستەمی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا. ئەوەیش وایکردووە میدیا و میدیاکار بە گشتی لە ڕووی کوالیتیی ئیشکردنەوە لە پاشاگەردانییەکی گەورەی کارکردندابن. بەشێک لە بەرتوێژانی ئەم توێژینەوەیە کۆکن لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا کە پێیوایە بەراورد بە ساڵی ١٩٩١و یەکەم تەلەڤزیۆنی کوردی، کە لە دوای ڕاپەڕین لەدایکدەبێت؛ میدیا پێشکەوتنێکی زۆری بەخۆوە بینیوە. ئێستا قۆناغبەندی و پێشکەوتنی باش لە ڕووی ستراکچەر و بنیادەوە، لە ڕووی تەکنیک و تەکنەلۆژیای ڕاگەیاندنەوە هەتا لە ڕووی ئەدەبیاتی ئیشکردنی میدیاییەوە لەلای ڕۆژنامەوان پێشکەوتنێکی باش ڕوویانداوە، بەڵام ئەمانە کێشەیەکی گەورەیان دروستکردووە، چونکە هەتا ئێستاش جۆرێک لە کلتووری میدیایی لە کوردستاندا گەڵاڵە نەبووە کە ئەوەیش خاڵی جیاکەرەوەی میدیایە لە نێوان کوردستان و زۆربەی وڵاتانی جیهاندا. هەروەک بەرتوێژان دووپاتیدەکەنەوە؛ کێشەی ئێستای میدیا لە کوردستاندا لەسەر دوو ئاستە: یەکێکیان ئاستی بونیادییە کە مەبەست لە دامەزراوەکەیە، ئەوەی دیکەیان ئاستێکی خودییە کە مەبەست لێی ئەو پاڵنەرانەیە کە ڕۆژنامەوان بۆ ئەنجامدانی کارێکی ڕۆژنامەوانی هاندەدات.

> «...، یەکێک لە گەورەترین کێشەکانی ئێمە لە کوردستاندا نەبوونی چوارچێوەیەکی یاساییە بۆ دامەزراندنی دەزگایەکی میدیایی. مەبەستم لە ڕووە یاساییەکەیەوە نییە، بەڵکو لە ڕووی مادییەوە هەرکەس پارەی لەبەردەستدابێت دەتوانێت میدیا دابنێت، چوارچێوەیەک نییە کە ئیشی میدیا

ڕێکبخات. ئێمە یاسای ژمارە ٣٥مان هەیە کە ئەوە کۆتایی پێهاتووە، چونکە زۆر کرچوکاڵ بوو، بۆ میدیای نوسراو بوو، کەواتە ئێستا تۆ هیچ شتێکت نییە. ئێمە ئەگەر لەگەڵ میدیا ئەورووپییەکاندا بەراوردێک بکەین، لە ئەوروپادا کە میدیایەک دەستدەکات بەکارکردن لەلایەن لایەنێکی فەرمییەوە وەک بناغە یاساییەکەی، ڕێگەپێدانی پێدەدرێت. لەگەڵئەوەدا، دەخرێتە چوارچێوەیەک کە ئەم دامەزراوەیە لەباری حکومەت یاخود لە باجی هاووڵاتیان جۆرێک لە داهات وەردەگیرێت. لە ئەوروپادا، دەبێت هاووڵاتی باجی تەلەڤزیۆن بدات و ئەم باجەش بەسەر تەلەڤزیۆنەکاندا دابەشدەبێت، ئەوکات تەلەڤزیۆن ناچارنابێت بکەوێتە ژێر کاریگەریی تەمویلی لایەنێکەوە، چونکە تەمویلەکە لە خەڵکەوە دەستیکەوتووە و بۆ خەڵکە، ئەوکات داکۆکیی لەخەڵک دەکات. میدیا لەکوردستاندا، ئەو چوارچێوە یاساییەی نەبوو دەبێت تەمویل لە شوێنێکەوە وەربگرێت، جا بەرپرسێکی سیاسییە، کارەکتەرێکی گەورەیە یان حزبێکە، لەهەر شوێنێکەوە بێت کە تەمویلێک وەربگرێت بەلای ئەودا دایدەتاشێت. ...»

**فرمان عەبدولرەحمان،**
**ڕۆژنامەوان و ڕاهێنەری میدیایی**

لەو بۆچوونانەوە ئەوە دەردەکەوێت کە دروستکردنی میدیایەکی بێلایەنی نیشتمانیی پیشەوەر کە بەرژەوەندیی هەموو حزب و کۆمەڵە و کەسایەتییە سیاسییەکان و لایەنە جیاوازەکان لە یەکئاستدا دابنێت؛ نەک

هەر ئاسان نییە بگرە تاڕادەیەک دەگمەنیشە. میدیاییەک کە بەرژەندیی نیشتیمان و خەمە گشتییەکان و چاکەی گشتی بخاتە سەروو هەموو بەرژەوەندییەکانەوە تائێستا چانسی مانەوە و بەردەوامی بۆ نەڕەخسێنراوە، ئەگەرچی هەوڵ و هەنگاوی گەورەیشی بۆ نرا. جا «کاتێک میدیا ئەمە ناکات، بەوە نابێت بە نیشتیمانی، کە بڵێ بە چوار زمان یاخود بە چوار زاراوە بۆ هەر چوار پارچەی کوردستان پەخشدەکەم یان هاوسەنگیم لە نێوان هەولێر و سلێمانیدا ڕاگرتووە. چەندین نموونەمان هەیە کە بابەت هەبووە زۆر گرنگبووە ئەو میدیایەی کە بابەتەکە لە بەرژەوەندیی مومەویلەکەی بووە ئیشی لەسەرکردووە، بەڵام میدیایەکی تر بە پێچەوانەوە ئیشی لەسەر نەکردووە با گرنگیش بووبێت. بابەتیش هەبووە زۆر بچووک و بێبایەخ بووە، بەڵام لە بەرژەوەندیی مومەویلەکەی کردویەتی بە هەواڵ و خەمێکی گشتی و زۆر گەورەی کردووە و فەزایەکی گەورەی پێبەخشیوە. کەواتە، یاریکردن بەو ڕووماڵانەی لە کاتی ڕووداوەکەندا کاری لەسەر دەکرێت، دەرخەری ئەوەن کە میدیای ئێمە، میدیای نیشتیمانی نییە. ...» (فرمان عەبدولرەحمان، ٢٠١٩).

بە بڕوای بەرتوێژان؛ سیستەمی پەروەردەیی و هەر چوار پایەی: مامۆستا، خوێندکار، پرۆگرام و ژینگەی خوێندن هۆکارێکی دیکەی سنووردارییی گەشەپێدانی میدیاییە لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا. لە ڕووی پەروەردەییەوە؛ گرفتە باوەکانی دۆخی گشتیی پەروەردە و خوێندنی باڵا ڕەنگدانەوەیان بەسەر تەواوی بەشە زانستییەکانی نێوەندە ئەکادیمییەکانەوە هەیە. ئەوەش وایکردووە گۆڕانکارییەکان گرێدراوی دۆخە گشتییەکە بن و کەمتر پرۆژە و پلان و پرۆگرامی پەروەردەیی چانسی سەرپێکەوتن و گەشەپێدانی سەربەخۆی هەبێت. لە ڕووی خوێندکارەوە؛ بەشێک لەوانەی لە بەشەکانی ڕاگەیاندن، پەیوەندییە

گشتییەکان و بازاڕگەریی دەخوێنن، بە ناچاریی و بەهۆی سیستەمی وەرگرتنی ناوەندی «قبول مرکزي» و لە ئەنجامی وەرنەگرتنیان لە بەشە دڵخوازەکانی خۆیاندا و بەتەنها لەپێناو بڕوانامەی دبلۆم و بەکالۆریۆسدا درێژە بە خوێندن دەدەن. ئەوەش وایکردووە لەدوای بەدەستهێنانی بڕوانامەکەیان، زیاتر لەبواری پسپۆڕییەکانیان دووربکەونەوە و لە شوێن و بوارێکی دیکەدا بەدوای پەیداکردنی بژێویی ژیانیاندا بگەڕێن. لە ڕووی پڕۆگرامی خوێندنەوە؛ لەگەڵ هاتنی بۆلۆنیاپرۆسێس و ناچارکردنی نێوەندە ئەکادیمییەکان بە جێبەجێکردنی بڕگە و پێداویستییەکانی لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی هەرێمەوە، جۆرێک لە دەستکراوەیی و ئاسانکاریی زیاتر بۆ لەخۆگرتنی بابەت و پڕۆگرامی نوێ لە خوێندنی بەشە زانستییەکاندا هاتوەتەئارا. کەمی و سنووردارییی ئاست و توانا و بەهرەی وانەوتنەوەی مامۆستایان؛ گرفتێکی دیکەی بەردەم گەشەی خوێندنی میدیاییە، بە تایبەت لە زانکۆ و پەیمانگە حکوومییەکاندا. ئەویش بەهۆی پێڕەوکردنی سیستەمی دامەزراندنی هەمیشەیی و نەبوونی گرێبەستی کاتیی کارکردن؛ کەمتر توانراوە لێپێچینەوەی زانستی لەگەڵ دەستەی وانەبێژاندا بکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا مامۆستا لەنێو پێکهاتەی سیستەمی پەروەردە و خوێندنی باڵای هەرێمدا زۆر بە کەمی کار لەسەر گەشەپێدانی توانا و بەهرەکانی و دابینکردنی پێداویستییەکانی کراوە. هاوکات بەهۆی سنووردارییی پاڵپشتی و ڕۆتینیاتی دارایی، کارگێڕی، زانستی و گرفتی یاساییەوە، مامۆستا و دەستەی وانەبێژان کەمتر خۆیان سەرقاڵی کنە و پشکنین و توێژینەوەی بەرهەمداری واقیعی دەکەن. لە ڕووی شوێن و ژینگەی خوێندنیشەوە؛ بەشەکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندییە گشتییەکان و بازاڕگەریی بەدەست تاقیگەی تایبەتمەند بە سروشتی بەشەکانیان دەناڵێنن و ئەوەش وایکردووە کەمتر پێداویستیی بازاڕەکانی کارکردنی هەرێمی کوردستان دابینبکەن و خوێندکاران لەدوای

دەرچوونیشیان، کەمتر هەلی کارکردنیان لە بواری پسپۆڕیی خۆیاندا دەستدەکەوێت.

«...، لە ڕابردوودا، ئێمە ٢٠ – ٣٠ خوێندکارمان هەبووە و دامەزراوەکانیش زۆر بوون؛ لە ڕووی دارایشەوە کێشەمان نەبوو، زۆربەی خوێندکارەکان لەم دامەزراوانەدا دادەمەزران. لە ڕووی پەیکەری داراییەوە، بەشەکانی ئێمە زۆر دواکەوتوون و پێویستە سۆفتوێری گەشەسەندوو بهێنین و کاریان لەسەر بکەین. بۆ نموونە، لە وڵاتانی دەرەوەدا کە زۆربەیجار خوێندن بە پارەیە، جۆرە سەربەخۆیی و دەستکراوەییەک دەدات بەوان، هەم بۆ ئەبدەیتکردن و هەم بۆ کادرەکان. ئەو پارەیە وایلێدەکات بکەوێتە کێبڕکێوە، چونکە خەڵک هەڵبژاردن لەنێوان زانکۆکاندا دەکات و ئەو پارەیەی لە خوێندندا خەرجیدەکات دواتر دەستیدەکەوێتەوە، بەبێ ئەو مەرج و ڕێگرییانەی کە ئێستا لە وڵاتانی خۆماندا بۆ داهاتی تاکەکەس لە چۆنیەتیی خەرجکردن و خەرجنەکردنیدا هەیە. واتە، ئەوکات خوێندکار بەهۆی نمرەکانی پۆلی ١٢ نایهێنێتە زانکۆ، بەڵکو بەهرە و توانای خۆی دەیهێنێت بۆ ئەو شوێنەی کە دەیەوێت لێی سوودمەندبێت. ڕاستە خوێندن پێویستە، بەڵام خوێندنی باڵا پێویست نییە. کەموکورتیی بەشەکانی میدیا کە هەیە، جگەلەوەی کە جیاوازییەک لە ڕووی پێداویستیی ماددی و مەعنەوی یان ژینگەکەی هەیە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ئەم کێشانە پەیوەندی بە تەواوی ئەو

کێشانەوە هەیە کە لە کۆی سیستەمی پەروەردە و خوێندنی باڵای ئەم وڵاتەدا بە هەموو بەشەکانییەوە هەیە. ...»

**پ. ی. د. حەکیم عوسمان؛**
**سەرۆکی پیشووی بەشی تەکنیکی میدیا لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی**

لەو بۆچوونانەی سەرەوەدا ئەوە دەردەکەوێت کە کێشەکانی خوێندن و پەروەردەی میدیایی؛ درێژخایەنن و هێشتا لێرەو لەوێ وەک زانست مامەڵە لەگەڵ ئەم کایەیەدا ناکرێت. ئەوەش وایکردووە کە جگەلە ڕووە زانستییەکەی؛ میدیا وەک پیشەیەکی سەربەخۆی خاوەن ئەرک و ماف مامەڵەی لەگەڵدا نەکرێت. کەواتە ئەگەر بڕیاربێت چاکسازی لە میدیای کوردیدا بکرێت، ئەوا دەبێت لە باخچەکانی ساوایان و قۆناغی بنەڕەتییەوە تا بە قۆناغی ئامادەیی و خوێندنی باڵا دەگات کاری لەسەر بکرێت و پەروەردەی میدیایی ببێت بە بەشێک لە پڕۆگرامەکانی خوێندن. هاوکات «پێویستە لە ئەبدەیتکردنەوەی پڕۆگرامەکانی خوێندندا دەستکراوەبین و ئامانجەکانی فێربوون لەسەر هەر چوار بنەمای مەعریفە، بەهرەکان (مهارات)، بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و پڕۆفیشناڵێتیی دابنێین» (پ. ی. د. ئەحەمەد عومەربلی، ٢٠١٩). لەلایەکی دیکەوە؛ بەرتوێژانی ئەم توێژینەوەیە جەخت لەوە دەکەنەوە کە «تەمەڵیی ڕۆژنامەوان» و گەڕان بەدوای زانیاری و بابەتی حازربەدەستدا وایکردووە خاوەنی ڕاگەیاندنەکان بەپێی ویست و بەرژەوەندیی خۆیان یاری بە بڕگەکانی گرێبەستی کارکردن بکەن و ڕەچاوی «پاداشت و سزا» نەکەن. هاوکات ئەو ڕاگەیاندنانەی کە بڕە مووچەیەکی زیاتر دەدەنە ئەوانەی کاریان لەگەڵدا دەکەن؛ زۆرتر وەک ڕۆبۆت کاریان لەگەڵدا دەکرێت و بە پاساوی زۆریی مووچەوە، بە شێوە و جۆری جیاواز ئیستغلال دەکرێن و ژینگەیەکی لەبار و ئازادیان

بۆ فەراهەمناهێنرێت. ئێستا ڕۆژنامەوانان زۆرتر وەک «فەرمانبەر» مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت؛ نەک پیشەوەرێکی خاوەن پڕۆژە و پلان و پڕۆگرامی پیشەیی خۆیان. ئەوەش وایکردووە کارکردنی ڕۆژانەیان هێندەی لە «ئیشبەڕێکردن» و «کاتکوشتن»دا کورتبێتەوە، نیوهێندە خۆیان بۆ کاری ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاریی (investigative journalism) تەرخان نەکەن. ئەوە جگەلەوەی ئیدارەی ڕاگەیاندنەکانیش هێندەی ئیشی خێرا و بۆشایی پڕکردنەوەیان مەبەستە، نیوهێندە کات و پارە بۆ ئیشێکی درێژخایەنی پڕ زانیاری تەرخان ناکەن. لە ئەنجامی ئەو دۆخەشدا، میدیای کوردی وەک خواردنی ماوەبەسەرچوو؛ ئیشتیهای بینین و بیستن و خوێندنەوەی وەرگرانی تێکداوە. هاوکات ژینگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و خراپ بەکارهێنانیان؛ جیاوازیی نێوان ڕۆژنامەوانێکی پیشەوەر و ناپیشەیی کەمتر کردووەتەوە.

«... ئەوەی پەیوەستە بە دەرەوەی میدیاکارەوە، ئێمە ئاستەنگی سیاسیمان هەیە کە هەتا ئێستا بەپێی ئامارەکان پێشێلکاریی بەرانبەر بە ڕۆژنامەنووسان هەیە لە نموونەی گرتن، دەستگیرکردن، هەتا ئاستی تیرۆر و توندوتیژیی و دەستبەسەرداگرتنی کەلوپەل. حزب هەیە میدیای هەیە بەس لێدوان و زانیاری بە میدیاکەی خۆی دەدات. مادام دەرگای بۆ هەموو میدیاکارەکان ناکاتەوە ئەمە ئاستەنگی سیاسییە و بۆی دروستدەکرێت. ئەم ئاستەنگەش مەرجنییە لەلایەن دامودەزگای دەوڵەتەوە بێت، زۆرجار لەلایەن لایەنە سیاسییەکانەوەیە کە ئەمانیش بەشێکن لە دامەزراوەی دەوڵەت. کاتێک کە حزبە سیاسی و دامەزراوە ڕەسمییەکان دەرگات بۆ والاناکەن بۆ پێدانی زانیاری، ئەمە ئاستەنگە. هەندی

کەناڵ هەیە بۆ نموونە، ڕووداو سەربارى ئەو ڕەخنانەى هەمانە لەسەرى تاڕادەیەک کەناڵێکى باشە، بەڵام بەس لەبەرئەوەى کەناڵى کاک نێچرڤان بارزانى-ە بەرپرسەکان دەچوون بۆ لاى کە ئەمە بە ڕاستى ئاستەنگە. کۆمپانیاى قەیوان، کۆمپانیایەکى گەورەیە دەچوو ڕیکلامى دەدا بە ڕووداو، ئەو هەموو پارەیەى دەدا بەو نەیدەدا بە کەناڵى کوردسات کە ئەمە لە ڕاستیدا ئاستەنگ و حسابکردنە بۆ ئینتماى سیاسى و بەرژەوەندى. ... »

**کامیل عومەر؛**
**چاودێرى میدیایى و مامۆستاى زانکۆ**

بەدەر لەو بۆچوونانە؛ بە بڕواى بەشێک لە بەرتوێژان ئاماژەیەکى دیکەى گەشەپێنەدانى میدیاى کوردى بۆ نەبوونى ئەنجوومەنێک یان دەستەیەکى سەربەخۆى چاودێریکردن و ڕێکخستنى دەگەڕێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا بۆچوونێکى زاڵ هەیە کە پێیوایە لەبرى دروستکردنى ئەنجوومەنێکى باڵاى ڕاگەیاندن کە هاوشێوەى ئەنجوومەنى باڵاى خانمان و کۆمسیۆنەکانى هەڵبژاردن و مافەکانى مرۆڤ؛ بەسەر نوێنەرانى ڕێکخراوە سیاسییەکاندا دابەشبکرێن و بارگرانیى دارایى زیاتر بۆ سەر بودجەى گشتیى هەرێمى کوردستان دروستبکەن، باشترە نێوەندە حکوومییەکانى وەک وەزارەتى ڕۆشنبیرى و لاوان، سەندیکاى ڕۆژنامەنووسانى کوردستان، داواکارى گشتى و دەستەى دەستپاکى و لیژنە پەیوەندییدارەکانى پەرلەمان کارا بکرێنەوە و ڕۆڵى پیشەیى خۆیان ببینن، چونکە ئێستا ئەو نێوەندانە تاڕادەیەکى زۆر لە ڕاییکردنى ئەو ئامانجانەى لەپێناویدا دروستبوون؛ کەمتەرخەمن. هەندێجاریش کە بەرپرسانى ئەو نێوەندانە ددان بە شکستى خۆیاندا دەنێن، هێندەى بۆ

شانتەکاندنی خۆیانە لە بەرپرسیارێتیی ئەو ڕۆڵ و ئەرکەی پێیانسپێردراوە، نیوهێندە بۆ پیاچوونەوە و ڕێکخستنەوە و کاراکردنی ئەرک و ڕۆڵی پیشەییی خۆیان نییە.

«... پێمانوایە یاسامان زۆرن و بۆشاییەکی ئەوەندە گەورە دروستنەبووە؛ تا ئەنجوومەنێکی باڵای میدیایی-ش قوتبکەینەوە، بەڵکو لەوە گرنگتر جێبەجێکردنی یاساکانی پێشووە. خۆئەگەر مەبەست لە دامەزراندنی ئەنجوومەنێکی لەو شێوەیەش زامنکردنی ڕەوشتی پیشەیی و ڕێکخستنی کاری میدیایی بێت، ئەوا یاسای ژمارە ٣٥ی ساڵی ٢٠٠٧ و پاشان بەڵێننامەی شەرەفی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی ڕۆژنامەنووسان وەک پێوەرێک بۆ جێبەجێکردنی ئەرکی پیشەیی، دەتوانن لەم قۆناغەدا پشتیان پێببەسترێت و پەنا بۆ دەرکردنی یاسای تر نەبرێت. ئەوەش بۆ ئەوەی بە تەواوی یاساکان نەخرێنە ئەرشیفی دادگاکان. هەڵبەت، ئەمەش بەو مانایە نییە کە ئەنجوومەنێک بۆ ڕێکخستنی کاری میدیایی هەڵەبێت، چونکە لە هەندێ سیستەمی دیموکراسیدا ئەم ئەزموونانە پیادەکراون، بەڵام لە وڵاتێکدا کە دەستەڵاتەکانی جیانەکرابێتنەوە و دەزگا سەربەخۆکانی بە بەشبەشکاریی حزبەکان دابنرێت، هیچ زەمانتێک نییە بۆ ئەوەی خەمی ئەنجوومەنەکە؛ فراونکردنی ئازادیی کاری ڕۆژنامەنووسیی بێت. ... »

**دیاری محەمەد؛**

**بەڕێوەبەری سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکی لە مافی ڕۆژنامەنووسان**

لەگەڵ هەموو ئەو بۆچوونانەی سەرەوەشدا؛ بەشێکی دیکە لە بەرتوێژان دووپاتیدەکەنەوە کە بیرۆکەی دروستکردنی ئەنجوومەنێکی باڵای نیشتمانی بۆ چاودێری و هەڵسەنگاندن و ڕێکخستنەوەی کاری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری گرنگە. ئەویش بە ئامانجی هەرچی زووتر یەکخستنی گوتاری میدیایی هەرێمی کوردستان لە پرسگەلی نیشتمانی وەک وتوویژ و ململانێکانی هەولێر و بەغدا یان وڵاتانی دراوسێ، شەڕی داعش، ئاسایش و سەروەریی خاکی کوردستان. وەک هەنگاوی یەکەمیش بە پێویستی دەزانن بیر لە هەماهەنگیکردن لە نێوان ڕاگەیاندنە سەرەکییەکاندا بکرێتەوە بۆ ڕێککەوتن و کارکردن لەسەر ڕێسایەکی پیشەییی هاوبەشی نێوانیان و دواتر بەرفراوانکردنی یاخود پێکهێنانی بۆردی ڕاوێژکاری بۆ هەڵسەنگاندنی کاروباری میدیا و میدیاکاران. ئەویش لە ڕێی کاراکردنی کاری هاوبەشی سەندیکا و ڕێکخراوەکانی تایبەت بە ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری؛ لەسەر مەشق و ڕاهێنانی نەوەی نوێی ڕۆژنامەوانان و هۆشیارکردنەوەیان لە ڕووی پیشەیی و یاساییەوە. هەروەکچۆن لە زۆر وڵاتدا دەستەیەک یان ئەنجومەنێکی نیشتمانیی بۆ چاودێرییکردنی پیشەیی و ڕێکخستنی یاسایی کاری ڕۆژنامەوان و ڕۆژنامەگەری و میدیا بە گشتی هەیە. بۆ نموونە لەنێو پەرلەمانی بەریتانیادا، کۆمیتەی چاودێریی میدیای بەریتانیایی ( British Media Watchdog)  هەیە کە لە ساڵی ٢٠١١دا، بەدواداچوونی بۆ ئابڕووبەری هاککردنی تەلەفۆن (Phon Hacking Scandal) کرد لە نێوان ڕۆژنامەوانان و پۆلیس و خەڵکیدا. لەو ڕووداوەدا بەهۆی گوێگرتن و دزەپێکردنی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکانی نێوان پۆلیس و خەڵک بۆ نێو میدیا، چەندین کەس لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کرا کە دواتریش بە لێکۆڵینەوەی دادوەر لیڤسۆن (Leveson inquiry) ناسرا کە بووە هۆی دادگاییکردنی چەندین تۆمەتبار و داخستنی یەکێک لە ڕۆژنامە بەناوبانگەکانی نێو گرووپی میدیایی ڕۆبەرت مەردۆخ بەناوی ( News of

the World). لە ئەنجامی ئەو دادگایەشدا، ڕاپۆرتێک بڵاوکرایەوە کە ڕستێک پێشنیاز و ڕاسپاردەی بۆ هەریەک لە پۆلیس و هاووڵاتیان و میدیا تیابوو (Leveson and Leveson, 2012). لە زۆربەی وڵاتاندا ئەم جۆرە ئەنجوومەنانە هەن، بەڵام کێشەی هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە سیستەمێکی سیاسی و میدیایی نووسراوی جێگیری نییە. بۆیە هیچ گرەنتییەک نییە کە ئەم دەستەیە یان ئەنجوومەنەی دایدەمەزرێنیت سبەی سەربەخۆیی خۆی لەدەستنەدات یان نەکرێت و نەبێتە هەڕەشەیەک لەسەر ئەو پەراوێزە ئازادییەی بۆ دەربڕین و ڕۆژنامەگەری لەم ناوچەیەدا هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، هەروەک بەرتوێژان دووپاتیدەکەنەوە دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کە لە خراپترین دۆخدا هەبوونی یاسا لە نەبوونی باشترە. بۆ نموونە، ئێمە یاسای چاپەمەنیی ژمارە ١٠ی ساڵی ١٩٩٣مان هەبوو لە ٢٠٠٧دا توانیمان ئیشی لەسەر بکەین و هەندێ گۆڕانکاریی باشتر بچەسپێنین، ئەویش لەبەرئەوەی پێشتر هەوڵێکی یاساییمان بۆ ڕێکخستنی چاپەمەنی هەبوو. ئێستا ئەگەر بمانەوێت یاسای ڕۆژنامەگەری بگۆڕین، ئەوا یاسای ژمارە ٣٥ی ساڵی ٢٠٠٧ی ڕۆژنامەگەریمان هەیە دەتوانین ئیشی لەسەر بکەین و بە ئاڕاستەیەکی باشتردا هەمواری بکەینەوە، ئەگەر بە لۆژیکی زۆرینە و کەمینەی پەرلەمانی ئەو دەستکەوتانەی پێشتر لە یاساکەدا چەسپێنراون سنووردار نەکرێن، چونکە سەیر دەکەین یاسای ژمارە ١١ی ساڵی ٢٠١٣ی بەدەستهێنانی زانیاری، ئەوەندە ئاستبەرزە، لەو ڕۆژەی دەرچووێنراوە یەک بڕگەی لێ جێبەجێنەکراوە، چونکە میکانیزمی جێبەجێکردنی لەگەڵ واقیعی ئەم کۆمەڵگەیە و دەستەڵاتە سیاسییەکەیدا یەکناگرێتەوە.

### ٤. بەشی چوارەم: ئەنجامەکانی توێژینەوە

لەم بەشەی کۆتایی توێژینەوەکەدا؛ تەواوی ئەو دەرئەنجامانە دەخرێنەڕوو و شیدەکرێنەوە کە لە ڕێی گرووپەکانی فۆکەس و

تێبینیکردن-ەوە بەدەستهاتوون. دواتریش لە سۆنگەی ئەو ئەنجامانەوە چەند ڕاسپاردەیەک پێشکەش بە هەریەک لە بڕیارسازانی میدیایی و دەستەڵاتەکانی یاسادانان، ڕاپەڕاندن و دادوەریی هەرێمی کوردستانی عێراق دەکرێن.

## ١.٤: دەرئەنجامەکانی توێژینەوە

لە پاش خستنەڕووی داتای حەوت گرووپی فۆکەس و تێبینیکردنی توێژەر لەنێو میدیای کوردیدا؛ ئامانجەکانی توێژینەوەکە ئەم سێ ئەنجامە سەرەکییەی خوارەوەی لێکەوتەوە:

١. لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا؛ چەمکی گەشەپێدانی میدیایی لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٩١-٢٠٢١دا کەمتر قسەوباسی گشتی لەسەر کراوە و هێشتا نەبووە بە مایەی پرسیار و پرسێکی جێبایەخی زۆرینەی بەرهەمهێنەران و بەکارهێنەرانی میدیا. تەنانەت لە ڕووی زانستیشەوە؛ نەبووە بە کێشەیەکی گەورەی توێژەرانی میدیایی و بە دەگمەن نەبێت توێژینەوەیان لەبارەوە نەکردووە. هەربۆیە ناسین و ئاشنابوون بەم چەمکە؛ لە ئاستێکی زۆر سەرەتایی و بەرتەسکی ئەکادیمیدایە. ئەوەیش زیاتر بۆ دەرنەکەوتن یاخود کەمتر بەدیاردەبوونی ئاماژە چۆنایەتییەکانی گەشەپێدانی میدیایی و پەیپێنەبردنی دەستەبژێری ئەکادیمی و پیشەیی لەم هەرێمە تازە ڕاگوزەرەی دیموکراسیی پاش-ململانێکان دەگەڕێتەوە. ئەو دۆخەیش وایکردووە؛ میدیا و میدیاکار لە قۆناغی بەرگریکردن لە ناسنامەی نەتەوەییەوە بۆ قۆناغی پارتیزانیی نێو تۆڕەکانی ئینتەرنێت و ونکردنی ناسنامەی پیشەیی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بگوێزرێتەوە. لەو ڕێگەیەشەوە بووە بەهۆکارێکی دیاری بەرهەمهێنانی

پاشاگەردانیی میدیایی و شێواندنی پێوەرەکانی ئازادیی دەربڕین و ڕۆژنامەگەری.

٢. لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا؛ ئاماژەکانی گەشەپێدانی میدیایی لە ماوەی نێوان سالآنی ١٩٩١-٢٠٢١دا بە شێوەیەکی زانستیی ڕێکخراو و هاوشێوەی پێنج ئاماژە ناسراوەکەی ساڵی ٢٠٠٨ی ڕێکخراوی یونسکۆ شرۆڤە و پۆلێنەکراون بۆ: «هەبوونی سیستەمێکی ڕێکخستن کە بۆ ئازادیی دەربڕین و فرەیی و فرەچەشنیی میدیا لەباربێت؛ فرەیی و هەمەجۆریی میدیا، گۆڕەپانێکی ئابووریی یەکسان و شەفافیەتی خاوەندارێتی؛ هەبوونی میدیا وەک سەکۆیەک بۆ گوتاری دیموکراسی؛ بنیاتنانی توانای پیشەیی و پشتگیریکردنی ئەو دامەزراوانەی کە بنەمای ئازادیی دەربڕین و فرەیی و هەمەجۆرییە لەگەڵ توانای ژێرخان بۆ پشتگیریکردنی میدیای سەربەخۆ و فرەیی بەسە». هەربۆیە بەرتوێژانی ئەم توێژینەوەیە؛ هێندەی ئاماژەی نەرێنی بۆ گەشەپێدانی میدیایی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا دەبینن و مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە، نیوهێندە ئاماژەی ئەرێنیی بەدیناکەن. هەڵبەت زۆربەیان ئەو دابڕانە گەورەیە لەنێوان ئەزموونی فەرمانڕاوایی بەعسییەکان و کوردەکان لە چاپ و پەخش و بڵاوکردنەوەی بەرهەمی میدیایی پێش ١٩٩١و دواتردا هەستپێدەکەن، بەڵام ناشیشارنەوە کە هێشتا "بەعسیزمی میدیایی" شوێنەواری لە گوتار و پەیام و بەرهەم و بەڕێوەبردنی میدیاییدا هەر ماوە و بە تەواوی کاڵنەبووەتەوە. بۆ نموونە؛ هێشتا دیاردەی هەواڵی تەشریفاتی، جیانەکردنەوەی زانیاری لە بیروبۆچوونی کەسی، سزادانی میدیایی و نانبڕین لەسەر جیاوازیی دەربڕین و ڕۆژنامەگەری و مافی زانینی زانیاریی گشتی، سێکوچکەی واسیتە و مەحسووبیەت و مەنسووبیەت لە دامەزراندن و بەڕێوەبردن و

واژۆکردنی گرێبەستی کارکردن و دەستگەیشتن بە سەرچاوەکانی زانیاری، ناوزڕاندن و دەستوەردانە نێو ژیانی تایبەتیی کەسەکان و پێشێلکردنی مافی تایبەتمەندێتی، پیاهەڵدان، ڕانەگرتنی هاوسەنگي و پڕوپاگەندە لە ڕاستی جیاناکرێنەوە. بە بەرنامە کار لەسەر تێکەڵاوکردنیان و خراپ بەکارهێنانی پەیامی پیشەیی میدیای کۆن و نوێ دەکرێت و تائێستاش بەردەوامە. ئەوە جگەلەوەی کە زۆرینەی بەرتوێژان لەسەر ئەوە کۆکن کە هێشتا ناتوانرێت کەرت و کایەی میدیایی لە کەرت و کایەی دیکەی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کلتووری دابېڕێنرێت. هەربۆیە بنیادنانی سیستەمی میدیایی و سیاسی یاخود هەموارکردنەوەی یاسایی و پیشەیی کۆی کەرت و کایەکانی دیکە؛ بە ڕیفۆڕمێکی گرنگ و پێویستیی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستانی عێراقی دەزانرێت.

٣. قۆناغەکانی گەشەپێدانی میدیایی لە هەرێمی کوردستانی عێراق لە نێوان سالأنی ١٩٩١-٢٠٢١دا؛ بە هێندەی دەرفەتەکان، ئاستەنگی: سیاسی، ئابووری، کلتووری، یاسایی، پیشەیی هەبووە و هەیە. لە قۆناغی یەکەم و سالأنی ١٩٩١_٢٠٠٠دا؛ بەهۆی دەربازبوون لە حزبی بەعس و تازەیی ئەزموونی فەرمانڕەوایی کوردی عێراق، ئازادییەکانی دەربڕین و ڕۆژنامەگەریی ناڕێکخراو و ژمارەی چاپکراوەکان و میدیای حزبیش لە زیادبووندا بوون. ئەگەرچی فرەیی و فرەچەشنی میدیا هەبوو، بەڵام هەرزوو بەهۆی شەڕی ناوخۆی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هاوپەیمانەکانیان ئەو فرەییە درێژەی نەکێشا و بەرتەسک و سنووردارکرا. لە قۆناغی دووەم و سالأنی ٢٠٠١-٢٠١٠دا؛ داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی و

دەربازکردنی گەلانی عێراق لە چنگی سەدام حسێن و ڕژێمەکەی و زیاتر بڵاوبوونەوەی ئینتەرنێت و بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکانی دەرفەتێکی گەورەتری ئازادیی دەربڕین و ڕۆژنامەگەریی ڕەخساند و لەپاڵ میدیای ئاڕاستەکراوی حزبیدا، دەیان میدیای ناحیزبیی "سەربەخۆ" بە پاڵپشتیی کەسایەتییە سیاسی و بازرگان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و وڵاتانی خۆرئاوا و ئەوروپا دامەزران. لە قۆناغی سێیەم و ساڵانی ٢٠١١-٢٠٢١دا؛ بەهۆی قەیرانی دارایی و شەڕی نێوان پێشمەرگە و هاوپەیمانەکانی لەگەڵ داعش-دا شەپۆلێکی بەرفراوانی ڕاگرتن و داخستنی میدیاکان ڕووی لە هەرێمی کوردستان کرد. ئەوەیش وایکرد بەکارهێنانی بێسنووری میدیای نوێ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە گشتی و فەیسبووک بە تایبەتی؛ ببێت بە جێگرەوەی میدیای سنووردارکراوی کۆن. واتە لە ئەزموونی سێ قۆناغی سێ دەیەی گەشەپێدانی میدیاییدا؛ ئاماژەکانی بەپێی دۆخی گشتیی کۆمەڵگە و ناوچەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان گۆڕانکاری بەسەرداهات. واتە ئازادییەکانی دەربڕین و ڕۆژنامەگەری و ژینگەی پیشەیی و یاسایی ماف و ئەرکەکانی میدیاکار و میدیای کوردی چوونیەک گەشەیان نەکردووە. ئەو هەڵکشان و داکشانەی ئاماژە ئەرێنی و نەرێنییەکان؛ زۆرتر گرێدراوی ئاست و ئاڕاستەی تێگەیشتنی حزبەکان بۆ پێویستیی میدیا وەک پایەیەکی سیستەمی دیموکراسی و قۆناغی ڕاگوزەریی دەگەڕێتەوە کە لە هەندێک قۆناغدا پێیەکی لەناو سیستەمی دیموکراسیدا و لە هەندێک قۆناغیشدا پێیەکی لەناو سیستەمی دیکتاتۆریدا گیرکردووە و هەندێجاریش تێکەڵەیەک بووە لە هەردووکیان و ناوی لێنراوی ئەزموونی کوردی.

**٢.٤: ڕاسپاردەکانی توێژینەوە**

١. پێویستە بڕیارسازان و توێژەران بایەخی زیاتر بە ئاماژەکانی گەشەپێدانی میدیایی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا بدەن؛ بە تایبەتي لە ڕووی: کلتووری، یاسایی و پیشەییەوە. ئەم جۆرە پرسانە؛ بابەتگەلی گرنگن و پێوستە لە گۆشەنیگای جیاواز و بە بەکارهێنانی مشتە و کۆمەڵی توێژینەوەی جیاجیا لێی وردببنەوە. توێژینەوەی فرەپسپۆڕیی نێوان پسپۆڕانی زانستە پەتی، پزیشکی و مرۆییەکان؛ پێویستییەکی هەنوکەییە و گرنگە ئەنجامەکانی بکرێن بە بەردی بناغەی داڕشتنی پلان و پڕۆژە و پڕۆگرامی کەرتی گشتی و تایبەتیی میدیا و کایەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان.

٢. پێویستە دەستەڵاتی یاسادانان هاوسەنگی لە نێوان فەوزا و فەراغی یاساییدا ڕابگرێت؛ بە جۆرێک ئەو یاسایانەی تائێستا بۆ ڕێکخستنی ڕاگەیاندن دەریکردوون، هەمواربکاتەوە و لەگەڵ یاسای نوێدا بیانگونجێنێت.

٣. پێویستە دەستەڵاتی ڕاپەڕاندن یاسا بەرکارەکانی بواری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری وەک خۆی جێبەجێ بکات؛ نەوەک پەراوێزیان بخات و لەبری ئەوان لە دۆسیەکانی میدیا و میدیاکاراندا کار بە یاسای سزاکانی عێراق، ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ بکات، تا ئەوانەی لەسەر ئازادییەکانی دەربڕین و ڕۆژنامەگەری دادگەیی دەکرێن، لە دۆخی تاوانباربوونیاندا بەتەنیا ڕووبەڕووی سزای پێبژاردن ببنەوە نەک زیندانیکردن.

٤. دامەزراندنی دادگەیەکی تایبەتمەند بە دۆز و دۆسیەکانی میدیا و میدیاکاران پێویستییەکی یاساییە. لەسەر دەستەڵاتی دادوەری پێویستە ئەو دادگەیە بە زوویی دابمەزرێنێت تاوەکو تۆمەتبار و تاوانبارانی پێشێلکردنی ماف و ئازادییەکانی دەربڕین و ڕۆژنامەگەری؛ هاوشێوەی دز و سیخوڕ و تیرۆریست مامەڵەیان لەگەڵدا نەکرێت و لە یەک هۆڵی چاوەڕوانیدا ڕانەگیرێن یاخود زیندانینەکرێن.

## ٥. سەرچاوەکانی توێژینەوە

### ١.٥: سەرچاوە کوردییەکان


- چۆلی ئەسعەد، زمان لە ڕاگەیاندنی بینراودا، سلێمانی، دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، ٢٠١٣.

- د.سامان فەوزی، بنەماکانی یاسای ڕاگەیاندن، ٢٠١٦، سلێمانی، چاپی یەکەم، لەبڵاوکراوەکانی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی.

- د.شاخەوان جەلال فەرەج، تابۆ وەک نموونەیەکی پەیوەندیی نێوان زمان و کولتور، ٢٠١٣، سلێمانی، چاپخانەی بینایی.

- د.شوان ئادەم ئەیڤەس، ٢٠٢٠: ئازادییەکانی دەربڕین و ڕۆژنامەگەریی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا. لە چاپکراوەکانی فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی

- د.شوان ئادەم ئەیڤەس، د.نەزاکەت حسێن سەعید، هەرێم کەریم غەفور، کاریگەرییەکانی کۆڤید_١٩ لەسەر بەرهەمهێنانی ڕیکلام و کەمکردنەوەی داهات؛ تەلەڤزیۆنە کوردییەکان لەماوەی قەدەغەی هاتووچۆ لەهەرێمی کوردستاندا، گۆڤاری الدراسات السیاسیة والامنیة، المجلد (الثالث) العدر (الخامس) حزیران ٢٠٢٠.

- د.شوان ئادەم ئەیڤەس، دەرگاوان و بێبەهاکردنی ڕۆڵی لە میدیای کوردییدا، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارەی ڕۆژی یەکشەممە، ٢٥ی ئابی ٢٠٢٠.

- د.شوان ئادەم ئەیڤەس، ئیتیک لە ڕۆژنامەوانیی کوردییدا؛ ڕۆژنامەی هاوڵاتی (٢٠٠٠-٢٠٠٢ وەک نمونە)، چاپی دووەم، سلێمانی، لەبڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی چاودێریی میدیای کوردی، ٢٠٢٠.

- د.یەحیا عومەر ڕێشاوی، توێژینەوەی میدیایی، ٢٠١٩، سلێمانی، لەبڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی چاودێریی میدیای کوردی.

- دەستوری عێراق، (٢٠٠٥). لە ڕێی ئەم بەستەرەوە، بەردەستە: https://www.constituteproject.org/constitution/Iraq_2005.pdf?lang=ar

- عەبدولقادر سالح، ٢٠٢٢: هۆشیاری یاسایی ڕۆژنامەنووس لەرووماڵکردنی هەواڵەکانی دادگادا ، گۆڤاری دەرگاوان، ژمارە ٠٢، ساڵی یەکەم، نیسانی ٢٠٢٢.

- ماڵپەڕی پەرلەمانی کوردستان، یاساکان. لە ڕێی ئەم بەستەرەی خوارەوە بەردەستە: https://www.parliament.krd/business/legislation/

- هەڤاڵ ئەبوبەکر: چەند هەنگاوێک بەرەو ڕاگەیاندنو ڕۆژنامەنووسیی، پروپاگەندەو ڕای گشتیی ل٥، چاپی دووەم سلێمانی ١٩٩٧.

- هەڤاڵ ئەبوبەکر، ڕاگەیاندن و ڕاگەیاندنی کوردیی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ناوەندی ڕۆشنبیر،٢٠٠٢.

- ئیبراهیم صالح: تیشکێک لەسەر ڕاگەیاندن، گۆڤاری ڕایەن ل٧. ژمارە ١، ساڵی یەکەم کانونی دووەمی ٢٠٠١.

**٢.٥: سەرچاوە ئینگلیزییەکان**


- AIVAS, SH, A., 2017. Kurdish Journalism Cultures; Shifting Boundaries of Privacy Understandings amongst Professional Role Orientations of Journalists. Ph.D thesis, Nottingham Trent University.
- BAILI, A, H, G, A, O., 2016. Political-Communication-and-the-Media-in-Kurdistan. Ph.D thesis, Sheffield Hallam University.
- Bali, A.O. and Zarea, H., 2018. The challenges of firms in Iraqi Kurdistan economy in the light of strategic acquisition theory. In Competitiveness in Emerging Markets (pp. 245-262). Springer, Cham.
- BUGHIN, J. and SPITTAELS, S., 2012. Advertising as an Economic-Growth Engine. The New Power of Media in the Digital Age. Brussels: McKinsey and Company.
- CHECK, J., & SCHUTT, R. K., 2012. Survey research. In J. Check & R. K. Schutt (Eds.). Research methods in education. Thousand Oaks, CA: Sage Publications. Pp. 159–185.

- HAMASAEED, N, H., 2011. The impact of commercial global television on cultural change and Identity Formation. University of Bradford.
- HUSSEIN, H, Hama, S., 2018. The Role of News Media in Supporting Democracy in Kurdistan Region. Ph.D thesis, Nottingham Trent University.
- ISMAELI, A., 2015. The role of the media in developing democracy in Kurdistan; a study of Rudaw journalists' perspectives, notions and attitudes. MA. Dissertation, University of Oslo.
- KALDOR, N., and SILVERMAN, R., 1948. A Statistical Analysis of Advertising Expenditure and of the Revenue of the Press, Cambridge, England: University Press.
- KHDIR, N, S., 2015. The role of social media in learning English as a foreign language: A case study on Iraqi Kurds. University of Coventry.
- Kuipers, G., 2006. Television and taste hierarchy: The case of Dutch television comedy. Media, Culture & Society, 28(3), pp.359-378.
- KVALE, S., 1996. Interviews an Introduction to Qualitative Research Interviewing, Sage Publications.

- Leveson, B.H. and Leveson, L.J.B.H.L., 2012. *An inquiry into the culture, practices and ethics of the press: Executive summary and recommendations [Leveson report]* (Vol. 779). The Stationery Office.
- MAWLOOD, S, J., 2011 Challenges and Opportunities; The Impact of the Press Law (2008) on the Role of Journalism in the Kurdistan Region post-2003. University of Bradford.
- McNamara, C., 1999. General Guidelines for Conducting Interviews. PhD thesis. University of Minnesota.
- Peña-López, I., 2008. Media development indicators: A framework for assessing media development.
- Pillania, R.K., 2009. Competitiveness and emerging markets. Business Strategy Series.
- PONTO, J., 2015. Understanding and Evaluating Survey Research, [Online]. Researchgate (15 December). Available at: https://www.researchgate.net/publication/286445115_Understanding_and_Evaluating_Survey_Research. [Accessed on: 21 March 2020].

- PUDDEPHATT, A., 2007. Defining indicators of media development: Background paper. UNESCO.
- RASHID, H, F., 2014. Freedom of the Press in Iraqi Kurdistan Region. MA. Dissertation, Eastern Mediterranean University.
- ROY, S., 2011. Overview report: Measuring media development.
- SALIH, H.R., 2018. The Presence and Use of Interactive Features on Kurdish News Websites in the Iraqi Kurdistan region. A case study of interactivity of news Kurdish websites of the Iraqi Kurdistan Region. Ph.D thesis, University of Bradford.
- SELIGMAN, J., 2020. Marketing implications and response to the COVID-19 Virus, [Online]. Researchgate (15 March). Available at: https://www.researchgate.net/publication/339948474_MARKETING_AND_RESPONSE_TO_THE_COVID_19_VIRUS [Accessed on: 18 April 2020].
- SINGLETON, R. A., & STRAITS, B. C., 2009. Approaches to social research (5th Ed.). New York: Oxford University Press.

- SYAN, K, A, Q., 2015. Media in an emergent democracy: the development of online journalism in the Kurdistan region of Iraq. Ph.D. thesis, University of Bradford.

- UNESCO Institute of Statistics, 2012. The Media Landscape in 28 Countries: Results from a UIS Pilot Survey.

- UNESCO WEBSITE. 2020. In Viet Nam, UNESCO calls to end fake news and disinformation and highlights the importance of quality media coverage, [online]. UNESCO (08 April). Available at: https://en.unesco.org/news/viet-nam-unesco-calls-end-fake-news-and-disinformation-and-highlights-importance-quality-media [Accessed on: 09 April 2020].

**٣.٥: سەرچاوە عەرەبییەکان**

- حيدر فالح زايد، ٢٠٢٠: اعداد الرسائل الاقناعية في وسائل الإعلام للحد من فايروس كورونا، ورقة بحثية من جامعة ذي قار _كلية الاعلام، [اونلاين]. Researchgate (١٥ ادار). متوفر عند: https://www.researchgate.net/publication/340133953_alrsayl_alaqnayt_fy_wsayl_alalam_fayrws_kwrwna [تم الوصول إليه في: ١٢ أبريل ٢٠٢٠].

- د. جان جبران كرم، مدخل الى لغه الاعلام، ١٩٩٢، دار الجيل.

- د. محمد الدروبى: الصحافهوالصحفى المعاصر، الگبعه الاولى، ١٩٩٦ بيروت، من مگبوعات المؤسسه العربيه للدراسات والنشر.
- د.رائد حسين عباس الملا، ٢٠١٤. الاقناع في الاتصال الجماهيري، دار الثقافة والنشر الكردية، العراق.
- د.عبداللة الطويرقي، علم الاتصال المعاصر، الطبعة الثانية، الرياض، مكتبة العبيكان، ١٩٩٧.
- ديف لاكاني، ٢٠١٦. الاقناع فن فوز بما تريد، ترجمة زينب عاطف، الهنداوي.
- نيك كوليندا، ٢٠١٧. اساليب الاقناع، مكتبة جرير للنشر والتوزيع.
- هاري مليز، ٢٠٠١. فن الاقناع، ترجمة مكتبة الجزيرة للنشر والتوزيع.

**٤.٥: گرووپەکانی فۆکەس**

- ١.٤.٥: گرووپی فۆکەسی «پێویستیی سەر لەنوێ پێداچوونەوەی کاری کولتووریی و ڕاگەیاندن و پەیوەندییکردن لەهەرێمی کوردستاندا» لە ڕۆژی سێشەممە (٢٤ی ئەیلولی ٢٠١٩).
- ٢.٤.٥: گرووپی فۆکەسی «دەرفەت و ئاستەنگەکانی بەردەم ڕێکخستنی یاسایی و پیشەیی ڕاگەیاندن لەهەرێمی کوردستاندا» لە ڕۆژی سێشەممە (٠١ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٩).

- ٣.٤.٥: «ژینگەی کارکردن و ئازادی پیشەیی ڕۆژنامەوانانی هەرێمی کوردستان» لە ڕۆژی سێشەممە (٠٨ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٩).

- ٤.٤.٥: «گرفت و گەشەی خوێندنی ڕاگەیاندن، پەیوەندییە گشتییەکان و بازاڕگەریی لەنێوەندە ئەکادیمییەکانی هەرێمی کوردستاندا» لە ڕۆژی چوارشەممە (١٦ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٩).

- ٥.٤.٥: «مافی تایبەتمەندێتیی و دەستوەردانە نێو ژیانی تایبەتیی کەسەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا» لە ڕۆژی سێشەممە (٢٩ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٩).

- ٦.٤.٥: «خاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و پێویستیی هەموارکردنەوەی یاسای حزبەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق» لە ڕۆژی سێشەممە (٠٥ی تشرینی دووەمی ٢٠١٩).

- ٧.٤.٥: «بەنیشتمانییکردن پیشەی ڕۆژنامەگەریی و پێویستیی دامەزراندنی ئەنجومەنی باڵای ڕاگەیاندن لەهەرێمی کوردستاندا» لە ڕۆژی چوارشەممە (١٣ی تشرینی دووەمی ٢٠١٩).

## ٦. لیستی پاشکۆکان

| لیستی ژمارە ٠١<br>بەشدارانی گرووپەکانی فۆکەس | | |
| --- | --- | --- |
| ز. | ناوی بەشداران | ناونیشانی کارکردنی بەشداران |
| ٠١. | بابەکر درەیی | بەڕێوبەری گشتیی ڕۆشنبیریی و هونەری سلێمانی |
| ٠٢. | د.تریفە عومەر | مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی |
| ٠٣. | کامل عومەر | مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی |
| ٠٤. | چرۆ شەهاب | مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی |
| ٠٥. | شەیما وەسیم | خاوەن بڕوانامەی ماستەر لەبارەی وێنەی ژن لەریکلامدا |
| ٠٦. | هەڵشۆ عەبدولفەتاح | چالاکوانی مەدەنی |
| ٠٧. | د.کاوە ڕەزا | مامۆستا لەزانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی |
| ٠٨. | فرمان عەبدولرەحمان | ڕۆژنامەوان لەرۆژنامە و دیجیتاڵ میدیای زەمەن |
| ٠٩. | عەدنان سەید محەمەد | ڕۆژنامەوان |
| ١٠. | عیماد حەمید | پارێزەر و چالاکوانی مەدەنی |
| ١١. | ئومێد عوسمان | ڕۆژنامەوان لەتەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان |
| ١٢. | ژاڵە محەمەد | ڕۆژنامەوان لە دامەزراوەی میدیایی نالیا |
| ١٣. | ئەکرەم تۆفیق | بەڕێوبەری پێشووی ئێن ئاڕ تی |
| ١٤. | نیان محەمەد | ڕۆژنامەوان لەدەزگای میدیایی ژیان |
| ١٥. | عامر سەلاح | بەڕێوبەری گشتیی زنجیرە تەلەڤزیۆنەکانی فالکۆن |

| | | |
|---|---|---|
| ١٦. | گۆران سابیر | چالاکوانی مەدەنی |
| ١٧. | د.حەکیم عوسمان | مامۆستا لەزانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی |
| ١٨. | د.هەتاو حەمەسالح | مامۆستا لەزانکۆی هەڵەبجە |
| ١٩. | د.ئەحمەد عومەربلی | مامۆستا لەزانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی |
| ٢٠. | گۆران سابیر | چالاکوانی مەدەنی |
| ٢١. | د.ئیبراهیم سەعید | مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی |
| ٢٢. | هێمن ئیبراهیم | مامۆستا لەزانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی |
| ٢٣. | ئاوات محەمەد | چالاکوانی مەدەنی |
| ٢٤. | گۆ محەمەد | چالاکوانی مەدەنی |
| ٢٥. | لەنجە خاوێ | چالاکوانی مەدەنی |
| ٢٦. | گۆران فەتحی | ڕۆژنامەوان لەرۆژنامەی کوردستانی نوێ |
| ٢٧. | شۆخان حەمەرەشید | پارێزەر و چالاکوانی مەدەنی |
| ٢٨. | ئەڤین ئەحمەد | ڕۆژنامەوان لەماڵپەری چاوی خەڵک |
| ٢٩. | نیاز ساڵح | چالاکوانی مەدەنی |
| ٣٠. | داستان مارف | ڕۆژنامەوان |
| ٣١. | پێشەنگ محەمەد | چالاکوانی مەدەنی |
| ٣٢. | ستران عەبدولا | سەرنووسەری ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ |
| ٣٣. | نەجیبە مەحمود | ڕۆژنامەوان لەتەلەڤزیۆنی ئاریەن |
| ٣٤. | سەردار عەبدولا | چاودێری سیاسی |
| ٣٥. | د.محەمەد عەلی | مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی |
| ٣٦. | فاروق عەلی | بەڕێوبەری گشتیی تۆڕی میدیایی کۆمەڵ |

| | | |
|---|---|---|
| .٣٧ | ئارام کەمال | چالاکوانی مەدەنی |
| .٣٨ | ئا سۆ محەمەد | چالاکوانی مەدەنی |
| .٣٩ | هاوکار قادر | بەڕێوەبەری بەشی کوردیی ڕادیۆ نەوا |
| .٤٠ | ئەشواق نەجیب | پارێزەر و چالاکوانی مەدەنی |
| .٤١ | دیاری محەمەد | بەڕێوەبەری سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکیکردن لەمافەکانی ڕۆژنامەنووسان |
| .٤٢ | بابان جەعفەر | چالاکوانی مەدەنی |
| .٤٣ | ئاریز دارا حەفید | چالاکوانی مەدەنی |
| .٤٤ | ڕوانگە فایەق | چالاکوانی مەدەنی |
| .٤٥ | د.شوان ئادەم ئەیڤەس | مامۆستا لەزانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی |

## Abstract

This study was written with the aim of better understanding the concept of “media development indicators”. In terms of methodology; Observation and Focus groups were used as the two primary data collection and thematic analysis research methods. Meanwhile, printed, broadcast, and digital media messages from the period 1991–2021 are included in the study sample. The importance of this paper is reflected in its title. This study concludes that the concept of media development in the Iraqi Kurdistan Region; has been less discussed and has not yet become an issue of interest to most Kurdish media producers and users. This situation has led to; the media and journalists must move from defending national identity to guerrilla warfare on the Internet and losing their professional identity on social networks and becoming a significant cause of media backwardness. Therefore, the indicators of media development during the three periods of 1991-2021 are not scientifically organized and interpreted and are not classified as the five UNESCO-recognized indicators of the researchers of this study; as much as they see and deal with the negative indicators of the development of the media, they do not see half of the positive indicators and do not hide that the “media Ba'athist” still has its legacy in media discourse, message, product, and management. Even with so many opportunities; there have been and still are political, economic, cultural, legal, and professional obstacles. In other words, freedom of expression, journalism, the right to know, and the professional and legal environment of Kurdish journalists and media have not developed in any way. According to the results of this study; the continuous fluctuation of positive and negative indicators of media development is due to the level and direction of understanding of

the need for the media as a pillar of the democratic system and the transitional period in the Iraqi Kurdistan Region.


**مستخلص:**

تمت كتابة هذه الدراسة بهدف فهم أفضل لمفهوم "مؤشرات تطوير وسائل الإعلام". من حيث المنهجية ؛ تم استخدام مجموعات المراقبة والتركيز كطريقتين أساسيتين لجمع البيانات والتحليل المواضيعي. وفي الوقت نفسه، تم تضمين رسائل الوسائط المطبوعة والمذاعة والرقمية من الفترة ١٩٩١-٢٠٢١ في عينة الدراسة. تنعكس أهمية هذه الورقة في عنوانها. خلصت هذه الدراسة إلى أن مفهوم التطور الإعلامي في إقليم كردستان العراق؛ تمت مناقشته بشكل أقل ولم يصبح بعد قضية تهم معظم منتجي ومستخدمي وسائل الإعلام الكردية. وقد أدى هذا الوضع إلى؛ يجب على وسائل الإعلام والصحفيين الانتقال من الدفاع عن الهوية الوطنية إلى حرب العصابات على الإنترنت وفقدان هويتهم المهنية على الشبكات الاجتماعية وأن يصبحوا سببا مهما للتخلف الإعلامي. وعليه ، فإن مؤشرات التطور الإعلامي خلال الفترات الثلاث ١٩٩١-٢٠٢١ لم يتم تنظيمها وتفسيرها علميا ولم يتم تصنيفها على أنها المؤشرات الخمسة المعترف بها من قبل اليونسكو للباحثين في هذه الدراسة ؛ بقدر ما يرون ويتعاملون مع المؤشرات السلبية لتطور الإعلام ، فإنهم لا يرون نصف المؤشرات الإيجابية ولا يخفون أن "الإعلام البعثي" لا يزال له إرثه في الخطاب الإعلامي والرسالة والمنتج والإدارة. حتى مع وجود العديد من الفرص؛ كانت هناك ولا تزال عقبات سياسية واقتصادية وثقافية وقانونية ومهنية. وبعبارة أخرى، فإن حرية التعبير والصحافة والحق في المعرفة والبيئة المهنية والقانونية للصحفيين ووسائل الإعلام الكردية لم تتطور بأي شكل من الأشكال. بناء على نتائج هذه الدراسة؛ يعود التذبذب المستمر في المؤشرات الإيجابية والسلبية للتطور الإعلامي إلى مستوى واتجاه فهم الحاجة إلى الإعلام باعتباره ركيزة النظام الديمقراطي والمرحلة الانتقالية في إقليم كوردستان العراق.